کۆشکی هۆشیاری چینایەتی و نامەبوون/ پاراداکس لە فەلسەفەی سیاسی ماركسدا-٢-..
ئەكرەم سەعید

بەشی دووەم..

خەڵکی هەرەمی كوردستان ناڕازی و تووڕەبوون لە نالەباری ژیانییان، بەیەك لە نەوان ساڵانی(٢٠١٢ تا ٢٠١٦)چەندجارێك بارگای حیزبەكانی دەسەڵات و ئۆپۆسیزیۆنیان سووتاند، بەڵام لەساڵی ٢٠١٧ زەربەی هەر ئەو خەڵكە كوتنە دوای دروشمی(یەفراندوم بۆ سەربەخۆی كوردستان)ی ئەحزابەكان. پرسیار: بۆچی ناڕازایەتی و تووڕەیی خەڵكی كوردستان، بۆ دەڕژایی ئەو چەند ساڵە نەبووە هۆشیارێكی چینایەتی ڕۆشن و پتەو دژی دەسەڵات؟ هۆشیارێك كە ئیدی بیانپارێزە و بە دروشم و بانگەشەكانی ئەحزابی دەسەڵاتداران و ئۆپۆسیزیۆن فریوو نەخۆن؟.
لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، ئەوە زیاد لە سەد ساڵە دوو حیزب(كۆماری و دیموكراتی)، هەر جارێی یەكێكیان بە بانگەشەكانی كاتی هەڵبژاردن، كرێكاران و هەژارانی ئەمەریكا فریوو دەدەن. پرسیار: بۆچی لەماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا، جگە لە دیاردەی خۆپشاندان بۆ داواكاری ئابووری و هەندە مافی گروپەكان زیاتر، كەچی هۆشیاری چینایەتی كرێكاری و سۆسیالیستی لە ئەمەریكادا هەندە گۆشەی نەكردووە؟.
ماركس لەلاێك دەیسەلمێنێ كە چینی كرێكاران بە شۆڕشێكی بابەتی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا نامێ دەبن-(نامەبوون وەك خەڵكێ یەكسانێ بە ئاژەڵ بوون و لە دەستدانی زاتی ئینسانی)، وە لەلاێكی دی ماركس باس لە هۆشیاربوونەوەی چینی كرێكاران دەكات لە ئەنجامی(ململانێی چینایەتی و خەباتی ئابووری و كۆمەكی سۆسیالیستەكان).
ئایا ئەم دوو دیۆ دژبەیەكەی شرۆڤەكانی ماركس چۆن لە واقیعدا دەركەوتووە، و تائێستا كام لایەنی دراسەكانی ماركس وەك كەنكرێت دروستێ و هاتۆتە دی؟!

"كارڵ جۆنسۆن" لە وتاری(كۆشەی چاكسازی و تیۆری فیتیشیزمی ماركس)دا دەنووسێ:

(ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ناکۆکی نێوان دوو توخم کە بەهاکانن دژ بەیەکن لە بیری مارکسدا دەربخات؛ واتە یەکەم: ئەو باوەڕەی کە هۆشیاری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری لە ژێر سەرمایەداریدا بە شێوەیەکی تاڕادەیەک ڕاست و دروست(خۆرسکی) گۆڕە دەکات، و دووەم: ئارگومێنتەکەی لە نووسینە ئابووریەکانی دواتردا، کە سروشتی فیتیشیزمکراوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییەکان فۆرمەکانی عیرفانی ئایدیۆلۆژی لەدەکەوێتەوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو تایبەتمەندیە بنەڕەتییەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەشارنەوە ... بەشی یەکەمی ئەم بابەتە تەرخان دەکرێت بە سەلماندنی ئەوەی کە تێزی پێشوو لە ڕاستیدا ڕای مارکس بووە لەو بەرهەمانەی کە پێش نووسینە ئابووریە پێگەیشتووەکانی نووسیوێتی، و بەشی دووەمیش هەوڵستی مارکس لە دوای ئەو ماوەیە دەکۆڵێتەوە. دەوترێت کە مارکس لەبری ئەوەی پەداچوونەوە بە بۆچوونەکانی پێشووی بکات، ئارگیومێنتەکانی نوێکانی خۆی خستێتە ناو دیدگاکانی پێشووی خۆیەوە سەبارەت بەو ئاسانییە ڕەزیلییەی کە هۆشیاری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا بە سانا گۆڕە دەکات و بەمجۆرە یەکدەنگییەکی جەوهەری لە نێوان بۆچوونەکانی دواتر و پێشووی مارکسدا هەیە. لە ئەنجامدا مارکس بە تونْدی ئەو پشتگیرییە بەربەستەی بە ئیفەرمخوازی کەم کردەوە کە لەکۆتایی ژیانی بە ئاشکرا دەهاتە بەرچاو؛ بەیە نەیتوانی بە شێوەیەکی گونجاو ماملە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکات کە تا ئێستاش وەک جددیترین کێشەی بەردەم شۆڕشگێڕان لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا ماوەتەوە.
ئەم کێشانە لە نووسینەکانی مارکسدا بە شێوەیەکی جددی فەرامۆش کراون. هەندێک لە شرۆڤەکاران، ڕاستە، سەرنجیان بە شکستی مارکس ڕاکێشاوە لە پەرەپێدانی ڕەخنەیەکی گونجاو لە ئیفەرمخوازی بەڵام هەکارە ڕاستەقینەکانی ئەم کێشەیە هەرگیز بە شێوەیەکی دروست لەکەلێنەوەی لێنەکراوە. ئەوان نەیانتوانیوە درک بەوە بکەن کە، لە کاتێکدا تیۆری مارکس سەبارەت بە عیرفانی کە لە سروشتی فیتیشیزمکراوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییەکانەوە سەرهەڵدەدات، پەیوستە بە تێگەیشتن لە ڕەخنەکانی لە ئابووری سیاسی، بەڵام مارکس کاریگەرییەکی زۆر سنووردارى فیتیشیزمی لەسەر هۆشیاری پرۆلیتاری لە فۆرمەکانی چاکسازیخوازانە یان شۆڕشگێڕانەدا دەبینی.
کێشەکانی عیرفان و پەرەسەندنی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە، ئەو کێشانەبوون کە لە قۆناغێکی تاڕادەیەک سەرەتایی کارەکانیدا، مارکسیان نیگەران کردبوو. هەر لە ساڵی ١٨٤٢دا دەیگوت:"ئایین و فۆرمەکانی تری هۆشیاری عیرفانی لە واقیعێکی شەواوە سەریان

هەڵداوەو تەنیا بە گۆڕینی ئەو واقیعە دەتوانرێت هەبووشنرێتەوە.". ئەم ئارگیومێنتانە لە ئێستاوە کەشی ئەوە دروست دەکەن کە چەن مرۆڤایەتی دەتوانێت هەشیار بێت لە پەویستی گۆڕینی واقیع بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فەرمە عیرفانییانەی هەشیاری کە نامەبوونی لەدەکەوێتەوە.
وەک ماڕکس بە یەکەمجار لە پێشەکی کتێبی(بەشداری لە ڕەخنەی فەلسەفەی یاسای هیگڵدا)دا دەردەکەوێت. کلیلەکە لە پرۆلیتاریای ئەمانیدا بوو، کە ئەو دەمە لە ئاستیدا نامۆیی نەک لە بیرکردنەوەدا، بەڵکە بەهەی دواکەوتوویی مێژووییی ئەڵمانیا، بەرژوازی ئەمانیا چانسی ئەنجامدانی شۆڕشێکی سیاسی لەدەستدابوو کە تێیدا بتوانێت وەک نوێنەری گشتی کۆمەڵگا بە گشتی دەربکەوێت. بەڵکو پرۆلیتاریا لە ئێستاوە دەستی بە خەباتکردن لە دژی دەکرد. ماڕکس پێی وایە پرۆلیتاریا تاکە چینێ کە توانای هەناندی ئازادییەکی گشتی لەو شێوەیی هەیە، چونکە ستەملێکراوترین چینە لە کۆمەڵگەی ئەمانیدا؛ سروشتی گەردوونی ئازارکانی چینی کرێکاران، دژایەتێکی بەرامبەر بنەماکانی دەوڵەتی ئەمانیای تەدا دروستدەکات.).

١- سەردەمی پەوپووچیی یان سەردەمی نامەبوون

"ئالان دونە" لە کتێبی(سەردەمی پەوپووچی)دا ئەی وایە کە سیستەمی سەرمایەداری لە بەرژەوەندییایەتی کە فکر و دەروونی خەڵکی پەوپووچ بکات، و بیرکردنەوەی لەژیکی زەربەی خەڵک پەکبخات و گەوجیان بکات، تا بەو هەلومەرجە سەختەی ئێستاکە هەیە، نەک تەنها ڕەزامەند بن، بەڵکو بە گونجا و ئەقڵانی بزانن.
بگومان سیاسەتی چینی بەرژوازی لە بەرژەوەندییایەتی کە مرۆڤکان گەوج بن، بەڵام جگە لەم سیاسەتە نەخشە بە دڵڕاوەی بەرژوازییەکان کە لە ڕەگای(گوتارکان، میدیاکان، ئیدەلۆژیاکان)مرۆڤکان فریوەدەرن، وە ئەمە ڕەنگی سەرخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە(واتە ڕەنگی لایەنی زاتی/ سەبژەکتیف)لە گەوجکردنی کرێکارانداە، هەر وەها سیستەمی سەرمایەداری لە ژێرخانیدا، واتە لە پرسەی کار و پێوەندی کار و سەرمایەدا بە خەی بە شێوەکی بابەتی، بە سیاسەتی چینی بەرژوازی و دەستوەردانی زاتی(واتە ڕەنگی لایەنی بابەتی/ ئەبژەکتیف)، چینی کرێکاران لە سیستەمی کاری کرێگرتەی سەرمایەداریدا نامۆ و گەمژە دەکرێن.
لە نامەبووندا مرۆڤ زیاتر و زیاتر لە ئامڕازێک دەچێت، و تا دێت لە سروشتی مرۆڤایەتی دوور دەکەوێتەوەو ناتوانێت کارامەیی و کرێکتاری ئینسانی خەی پەرە پێبدات. ماڕکس زیاد لە ١٧٠ ساڵ

لەمەوپێش نووسیبووی:
(کار بە دەوڵەمەندەکان شتێ نایابەکان بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە کرێکاران بەبەشی بەرهەم دەهێنێت … کار بە دەوڵەمەندەکان جوانی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە کرێکاران شێواوی. کار بە دەوڵەمەندەکان زیرەکی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە کرێکاران گێمژیی.).-(کرێکار تەنیا لە ئەرکە ئاژەڵییەکانیدا: کاتی خواردن و خواردنەوە و زاوزێکردن،، هتد، هەست بە خودی خێی دەکات وەک ئینسان، ئەما لە ئەرکە مرۆییەکانیدا(کە کارکردنە) تەنیا ئەو هەستەکی هەیە بە لایەنی ئاژەڵی: ئەوەی ئاژەڵییە دەبێتە مرۆڤی، وە ئەوەی مرۆڤییە دەبێتە ئاژەڵی.)-What is animal becomes human and what is human becomes animal.)
لە دونیاەکی سەرمایەداری پڕ لە جەنگ و قەیراندا بوو، کە ٧٠ ملیۆن مرۆڤ کە مافی دەنگدانیان هەیە، ساڵی ٢٠٢٤ لە هەڵبژاردنی سەرکایەتی ئەمریکادا ترامپیان هەڵبژارد، وە شتێ کەمتر لە ٧٠ ملیۆنەکەی دی دەنگیان بە بایدن دابوو کە دیوەکەی ئەو دیوی دراوەکەیە. لە ڕاستیدا پێناسەک بە ئەو نزیکەی ١٤٠ ملیۆنە مرۆڤ لە(فریوودراو، ناهەشیار و نامە) زیاتر، پێناسەکی دی نییە. ئیدی ئاشکرایە دونیای ئەمەکەی ئەمە پڕە لە مرۆڤی گرگنی نامەی شۆن کەووی ئایدەلۆژیاکان، کە وەک پارچە قوماشێک وایە، دراوە بەسەر چاویدا و ڕاستییەکان نابینێ.

لەمپەرەکانی بەردەم هەشیاربوونەوەی چینی کرێکاران
سادەترین تێبینی بە هەرکەس ئەمەکە ئەوەیە کە بڵێ:(چینی کرێکاران هەشیار نین)-(چینی کرێکاران فریوخواردووی سیاسەتەکانی بەرژوازین)، وە هەردوو تێبینیەکەشی دروستە. ئەمە لە ساتەوەختەکدایە کە دونیای سەرمایەداری ئەمرۆکە لە قەیرانێکی سەختی ئابووریدایە، جیهان خەریکە گلەردبێتەوە بە نەو ئاتوونی جەنگێکی ترسناک، و بەرژوازی و دەسەڵاتدارانی پشڵی مافیاکان دەکێن و سەرکوت دەکێن.
ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە هەر سۆسیالیستێک لەخەی بکات ئەوەیە: بۆچی چینی کرێکاران هەشیار نییە و شۆشی سۆسیالیستی ناکات؟!.
وجودی کەمایەتی چینی کرێکاران مۆفرۆزە هەشیارێکی شۆشگێی بۆچینی کرێکاران ببەخشێ بەپێی ئەوەی:(بوونی کەمایەتی هەشیاری کەمایەتی دیاری دەکات)، بۆیە ئەو دروستەو چینی کرێکاران ئیمکانیەتی گەیشتنیان بەو هەشە سۆسیالیستییە هەیە، بەڵام کەمبەگەی سەرمایەداری چەندەها لەمپەر لەبەردەم ئەم ئیمکانییەتە دادەنێ. دەتوانین لەمپەرەکانی بەردەم هەشیاربوونەوەی چینی

کرێکاران دابەشکەین بە دوو کەتەگەری:

١ / لەمپەرە ئەبژێکتیڤەکان – ٢ / لەمپەرە سەبژێکتیڤەکان
لە کەمەگەی سەرمایەداریدا(بە فیتشیسم بوون و بەنامەیی بوون) لەمپەر لەبەردەم هەشیاربوونەوەی چینی کرێکاران دادەنرێن- لەمپەرە ئەبژێکتیڤەکان، و چینی بەرژوازی لەڕێگای گەلێ کەناڵەوە بیروباوەڕی خۆی زاڵ دەکات بەسەر کەمەگەدا-(بیروباوەڕی زاڵ لە کەمەگەدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە)- لەمپەرە سەبژێکتیڤەکان. بۆیە چینی کرێکاران بۆ بە کەمکی سەسیالیستەکان ناتوانن تەنها خەبەخۆی لە بەرئەنجامی ئەزموونەکانی خەباتی ئابووری خۆیان هەشکی چینایەتی شەشگەریان چنگکەوێ، وەکاتێ بە درێژایی زیاد لە سەدسالێ سەسیالیستەکان لاوازن، چەپی کۆن و چەپی نوێ چینی کرێکاریان بە هەش و سیاسەتی بەرژوازی ڕەونگاوڕەنگ گەش کردووە.
"جەرج لەکاش"هەوێدا ڕەچاوی گرنگی حیزب لە هەشیارکردنەوەی چینی کرێکاران و شەشی سەسیالیستیدا ڕوون بکاتەوە و دیفاع لەو تێزە بکات کە لە کتێبەکەی(مەژوو و هەشیاری چینایەتی)هاتووە، لەکاش نووسیبووی:(هەر جارێک هەرشکی هەڵپەرستانە دەکرێتە سەر دیالەکتیکی شەشگەرانە، لە ژێر ئاڵای"دژی سوبژێکتیڤیزم"دا بەرەوپەش دەچێت-(بەرنشتاین دژی مارکس، کاوتسکی دژی لینین.)،،، لەم ڕوونکردنەوەی خوارەوەدا دەیسەلمێنم کە لە ڕاستیدا ئەوەی لە مەترسیدایە هەمیشە پرسی ڕەچاوی حیزبە لە شەشدا ،،،. کەواتە پەش هەموو شتێک زاراوەی سوبژێکتیڤ چی تێدەگەین؟. ،،، ئەرکی سوبژێکتیڤ لە پرسەی گەشەکردنی مەژوودا چییە؟).- ٣.
بەڕای من کەموکورتی ڕونکردنەوەکەی لەکاش لەوەدایە کە ئەو بەتەنها باس لە ڕەچاوی(سوبژێکتیڤ)ی- حیزبی کەمانیستی و هەشیاری چینی کرێکاران دەکات لە هەلومەرجەکەدا، و حیساب بە ڕەچاوی سوژەکەی دی کە ئەحزاب وئیدەلۆژیەکان و سیاسەتەکانی بەرژوازییەکانە ناکات، کە لەمپەر دادەنێن لەبەردەم هەشیاربوونەوەی چینی کرێکاران و شەش و گەشەی مەژوو. هەروەها ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات کە ئایا ئەو حیزبانەی بە خۆیان دەڵێن کەمانیست یان سەسیالیست بەڕاستی هەشیارکەی سەسیالیستیان پێیە تا بیگەنن بە چینی کرێکاران؟ وە ئایا پرۆژەی ئەو حیزبانە بەڕاستی دامەزراندنی دەسەڵاتی چینی کرێکاران و کەمەگەی سەسیالیسمە؟!.

سەرچاوەکان:

١/ The Problem of Reformism and Marx's Theory of Fetishism
CAROL JOHNSON

٢/ – کارل مارکس/ دەستنووسە ئابووری و فەلسەفیەکانی ساڵی ١٨٤٤ – کاری نامۆیی/ ئەرشیفی کارل مارکس لە ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیسی. – Economic and Philosophical Manuscripts of 1844. Karl Marx – Estranged Labour.
٣/ کۆشکانی هۆشیاری چینایەتی – ١. سوبژەکتیڤیزم/ بەرگریەک لە مێژوو و هۆشیاری چینایەتی – تایلزم و دیالەکتیک / جۆرج لوکاش / وەرگێڕانی ئیستەر لێسلی لەگەڵ پێشەکیەک لەلایەن جۆن ڕیس و پێستەفەیس و سلاڤۆ ژیژەک/ لاپەڕە٥٠. Tailism and the Dialectic/Georg Lukacs – Translated by Esther Leslie
٤/ Marx and Alienation – Essays on Hegelian Themes – Sayers Sean -2011
٥/ ALIENATION, FREEDOM & COMMUNISM – RAJEEV KUMAR SEHGAL - 2016))- الاغتراب والحرية والشيوعية – راجيف كومار سيغال

بەکورتی9: نییە... سروشتی نییە چییە؟.. ئازاد حەمە

چ جوانیەک لە گوتنی نییەدا هەیە؟ هیچ جوانیەک نییە. ئەی بۆ هەیە؟ بۆجۆرەک لە جۆرەکانیش هەموو گیرۆدەی دەستی نییەن/نییەکانیین. گەر دەزی مرۆیی مرۆڤ بەم ئاقارەی ئێستا بڕوات نییەیەکی زۆر و دووبارە بەدەویە. تا لەوشحاڵێنەبیین نییە چی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە ناتوانیین نییە بکەین بە هەیە. نییە و هەیە ناکۆکن، بەپێئەوەی نییە واتە نەبوونی شتێک، نییە لە نییەوە دەست، نێک لە شتەوە، ئەگەر لە شتەوە هاتبێت ئەوا ناڵێن نییە. چاوپێشینیش لە بوونی نییە، بەڵو بەشایەیمان دەبات. کاتێک نییە دەبێتە بەشایی، ئەی بەشایی بۆچی پێئەکرێتەوە؟زۆرجاریش کۆشکە لە نییەکەدا نییە، بەڵکو لە هەیەکەدایە، بەنموونە سیاسەت هەیە بەیە زۆر شت نییە. سیاسەت نەبایە نییە هەر دەبوو، بەس ئەو نییانەی سیاسەت دروستیدەکات ئەوکات نادەبوون.
بگشتی بابەتەکەمان لەژێرسایەی ئەم پرسیارەوە بەرپێیی خۆی دەدەزێتەوە: بە نییە بوونی هەیە؟ئەگەر نییە بوونی هەیە، جۆوهەری خودی نییە چییە؟ئەی چی بەی هەیە ببێتە نییە؟نییە هەر نییەبێت چی

لەبەی نییە هەیە؟واتە دوای ئەوەی شتەک نییە(بەنمووونە: پارە، باران، دادپەروەری)چی لەجێگای ئەو نییەیە(نییانە) دەبێت؟ئەگەر هەیە باشە،ئەی نییە چۆن هاتەکایەوە؟دەستپێکی نییە چییە و سروشتی چۆنە؟کاتێک دەگوترێت نییە،ئەوە چییە،کە نییە؟بە نییە؟چۆن نییە؟بەنمووونە ئازادی هەیە،کەچی گەندەیش هەیە.ئایا بوونی گەندەیی ئازادیەکە نەفیناکات،ئازادیی نابێتە نییە؟
یان سەکسیزم هەیە، خۆشەویستیش هەیە.ئەم هەیەیە چۆن لەگەڵ نییەکەدا لەناو هاوکێشەی سەکسیزم و خۆشەویستیدا یەکدەگرنەوە؟بەیە ئەو سێ پرسیارە(چی نییە؟بە نییە؟چۆن نییە؟)دەمانبات بۆرەو ئەو شتە چییە،کە نییە؟کەوامانوت دیارە ئەو شتە پێشتر هەبووە و ئێستا نییە،ئەی باشە خۆ هەندەک شت هەر لەبنەوا نییە،بەنمووونە نەمردن.بائەوەش بزانین،کە خودی نییە هەماندەوات ناو بابەتی دانپێدانەوە.دەبێت دانپێدانەین، ئەو شتەی مەبەستە نییە. بەس چۆن نییە؟پێشتر گوتمان دژەجەمسەری نییە هەیە،گەلەکجارئەم هەیەیەش بە بوونی نییەیەک کەم.
پرسیاری گەیەنی نییە بە هەیە داوامانلێدەکات لەوە حالیبین،کە نییە چییە؟نییە واتە non-existenceنابووون، ئامادەنابووون. هەرکات نەبووون هەبوو بوونی نییە ئاسایی،واتە شت هیچە و بوونی نییە. پێمانوایە،دیوار هەچنین لەنێوان هیچ و نەبووندا هیچە.دەبێت ئەم دیوارە بروخێنرێت تا نییە دەرکەوێت.بەیە دەپرسین:چۆن چارەسەری نییە بکرێت؟بەگومان بە هەیە،کە بەرامبەرکەیەتی. جاری واشە ئەوەی هەیە ئەوە نییە،کە دەبوو هەبێت.بەنمووونە ماف هەیە،بەس ئەو مافە نییە،کە خواستی لەسەرە.راستە نییە لە زەر حاڵەتدا بە هەیە چارەسەردەکرێت،لە هەندەک نییە دەگمەنە و بە هەندەک هەیە چارەسەرناکرێت. کاتێک تە دەمریت ئیدی بوونی تە نییە، لە تەی تر هەیە.
رووونتر بدوێن:لەگەڵ نییە یەکسەر پرسیارە دەخوازێکە دروستدەبێت،کە هەمیشە نییە حەز بە چارەی ناکات،ئەوەش ئەمەیە: بە نییە؟بە کەسێک کە مەعنی نەبێت بە نییەکە،دەپرسێت:چی نییە؟ئەو دەمەی دەگوترێت نییە، لەوحاڵەتەدا نییە وەستانە، نەبوونە، بەجوێیە. پاش نییە هەوڵێک دەتەگەڵە،تا چارەسەری نییەکە بکات، ئەوەش لەسەر بناغەی بە نییە دەستپەدەکات.
بەزەرەکیش ئەوەش هەر پرسیارە،ئەوەی نییە، هەر هەنووکە نییە یان هەردەم نییە؟ زەر شت ئێستا هەیە دواتر نییە،بەنمووونە لەمکاتەدا فەنانە شت هەیە و پاشان و بە هەمیشە نییە.ئاو ئێستا نییە دواتر هەیە. هەنگە هەندەک جار کەشە نەبێت ئەگەر نییەکە بخایەنێت،وەک کارەبا هەنووکە نییە بەس دواتر هەیە. بەڵام کاتێک نییە قەزەوەن

دەبێت،کە نییەبوونی نییە رەهادەبێت، وەک نییەی کاربا یان ئاو. وەکیتر،رەهابوونی نییە لە هەندێک دەخیتردا زۆر کەشاویە: بەنموونە کاتێک ماف یان داد نییە.نەبوونی ماف یان داد بابەتی نییە دەخاتە بارێکی ناهەموار و بەدەوە.کەوابێت چییەتی نییە لەسەر ئەوە وەستاوە چی نییە/لەسەرچ بناغەیەک نییە؟

زۆرجار نییە بڕەهەمی(نەماوە)یە، ئەی کاتێک نییە بڕەهەمی خودی نییە بێت؟ئەوەتا لایبنێتزی فەیلەسوف بەمجۆرە نییە دەبینێت: ئەو شتەی نییە کەواتە نییە،هەیەکیش بە بوونی لەئارادا نییە. بەڵام نییەکانی ئەمە نییە نییە، هەیەیە و کراوەتە نییە،وەک نییەی ئازادی، نییەی ماف، تادگاتە نییەی کاربا.لێرەدا دەبێین:بەپێئەوەی نییە دەمانباتەوە ناو نادیار پێویستمان بەوەیە ئاگامەندانە گفتوگۆی نییە بکەین. بۆکاتێک نەبوون هەبێت بوونی نییە ئاسایە.ئەمەشوادەکات بابەتی نییە بمانباتەوە ناو گفتوگۆی بوون و نەبوونەوە،ئامادەبوون و ئامادەنەبوونەوە. پێشتر گوتمان، گریمان هیچ نییەبێت و ئەوەش سەرچاوەی گەردوون بێت،کەواتە نییە یان هیچ هەچکی گەردوونە. باشە کە پێیوایە هیچ،نەبوون،دەستپێکی گەردوونە!ئەگەر وایە پێویستمان بە فیزیایە ئەمە یەکلابکاتەوە.

وەڵاێئەوە، هیچنەبوون و شتنەبوون واتە هیچ شتێک بوونی نییە، بەنموونە، ئەوەی نامانەوێت بیەێین نهێنی نییە.هەروەها ئەوەی دەترسیین بیەێین نهێنی نییە. لێرەدا نییە بەواتای لەدایکنەبوون دێت. کەشکە بەس ئەمە نییە،ئەوەشە، ئەوەی بە تە نهێنییە بە من نهێنی نییە.نهێنیی لێرەدا کەماندکاتەوە.ئەگەر هیچ ئەو شتبێت، کە نییە،واتە جۆهەر لەوە هیچە. شتی بەجۆهەر هیچە.گشت شتێک جۆهەری هەیە،بەڵە بوونیشی هەیە.جۆهەری بوون شت بێت،هیچ بوونی نییە.

دوا تەماشاکردنمان تایبێت بە نییە ئەوەیە،کە لە کەمێگەی مرۆڤایەتی یان ئەمەدا زۆر شت نییە،زۆرکیش لەو نییانە بە هەتایە نییە، یاخود هەیە بەس ئەو هەیەیە بە بەهایە و جێگرەوەی راستەقینەی نییەکان نییە.راستە کەمێگەی بی نییە بوونی نییە، بەڵام لەسەردەمی وەک ئێستا هەندێک نییە نادبوو هەبێت(دادپروەریی)، هەندێک هەیش پێویستینادکرد هەبێت(گەندێڵی).وەکیتریش زۆر شت لە گەردوون دەکرا نەبن(بوومەلەرزە،زریان،لافاو)،لە هاوکێشەکانی ناو گەردوون وەڵامی تریان بە هەبوونی ئەو هەیانەی ناو گەردوون هەیە. بەڵام هەیاکانیتری ژیانمان،وەک:هەژاریی، برسیەتی،جەنگ زۆری دەوێت تا ببنە نییە.

ئازاد حەمە
پرۆفیسۆر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

زمـــــان ســـــوبەکت نییە.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسێیە؟)

ئەو نووسینە هەوڵی هەڵوەشانەوەی گوتەزای (مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسێیە) دەدات، لە ڕێگای پێکراوی "زمان سوبەکت نییە" لەلایەك و "زانستی تەکنەلۆژی" لەلایەکی دیکەوە. زمان سوبەکت نییە.. ئاگەرچی مرۆڤ، کەس، سوبەکت لەسەر یەك هەل قسەی زۆریان لەبارەوە کراوە و قسەی زۆریش هەدەگرن. بەڵام زانستی تەکنەلۆژیا وەك خرایی زانیاری و لۆژیکی ژیری، ئارزووکانی خودی مرۆڤ جەدەهەلەت! واتە ئەوەی من لەو نووسینەدا تێخی دەکەمەوە، لەلایەك ئەو فەزا ئاسێییەیە، کە مرۆڤ و کەس و سوبەکت لە ئارزووی جێستەدا دەیبینێ و بەیەك هەناسە دەیانخوێنێتەوە. لەلایەکی دیکە شەبووندەیە بەرەو بابەتی ژیری و خرایی وەك زانستی تەکنەلۆژیا و جەهەشتنی ئارزووکانی سوبەکت..

لێرەدا بەرانبەر گوتەزای سوبەکت چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسێیە.. ئامای سپی داهێنانی (زمان سوبەکت نییە) بەرز دەکەینەوە، بەڵام نەك بە مانای دژبوونەوە، بەڵکوو بەو مانایەی کە سوبەکت سەرگەورەی زمان نییە.. بەو مانایەی کە زمان بەندەواری قبول ناکات.. بە کورتی دەمەوێ بڵێم زمان، داناووسانی جیاوازیی و نائاگاییە. بە دیوەکەی دیکەش ئاماژە بە خرایی بیرکردنەوە و زیرەکی دەستکرد دەدەم، چونکە داهێنانی زانستی تەکنەلۆژیا ئارزووکانی سوبەکت دەخاتە سەرسامییەوە.

لە مانای سوبەکتدا قبولکردنی جیاوازی دەبێتە ئامانجی زمان، نەك ڕەتکردنەوە، بەڵام جیاوازییەك، کە لە پێناو گەڕانکاری و سەیرورە و داهێنانی بەردەوامدابێت، نەك لە پێناو پێگیری و چەسپاندن. لەبەرانبەردا نائاگایی بە جیاوازی هیچ نییە، جگە لە بەدیهێنانی ئامانجی ئازادی نەبێت. کەواتە ئازادی وەك دانووسانی نائاگایی و

جیاوازی بە داهێنان زرووریە، وەك چۆن گۆڕانكاری و سەیرورە و داهێنانی بەردەوام بوونی سوبەكت بەرهەمدەهێنن. بەڵام لە ماڵی زیرەكی دەستكرددا خراپی و ژیری سڕگۆڕی جیاوازین.

دیالێكتیكی نائاگایی و ئۆویدیكی غەریبە

لە عەقڵانیەتی دیكارتییدا سوبەكت بكرێ. بەڵام لەو توژینەوەیەدا دەمەوێ سوبەكت لە دانووسانی ئازادانەی نائاگایی و زرورەتی ئۆویدیكی غەریبەدا تێخ بكەمەوە. لێرەدا لە پرسیسكردنی سوبەكتدا نائاگایی و ئۆویدیكی غەریبە، خودی خۆیان دەخەنە دڕۆی سوبەكت، بە ئۆوی وەك خودێكی نامۆ دژ بە پێگیری و چەسپان ئازادی خۆیان پراكتیزە بكەن. بەخێنامەبوونی نائاگایی و ئۆویدیكی غەریبە نزیكایەتییەك لەگەڵ بیركردنەوەی هیگڵیدا دادەمزرێنن.. وەك وێناكردنی مانگا سوورەكە لە شۆوكی ڕشدا.. یان خونچە بە ئۆوی خۆی بناسێ، پێویستی بەوە هەیە ببێت بە گوڵ.. واتە هەوددەم لە ڕەگەی چەمكی (نەفی نەفی هیگڵییەوە) چەمكی (سوبەكتی داماڕاو لە بكەرێتی) شیبكەمەوە، كە پاشان لە ڕەگەی دیالێكتیكەوە (نائاگایی و زرورەتی خراپی و ئۆویدیكە غەریبە) بە ئامانجی ئازادی خۆیان دەگەن..

بە كورتی دەمەوێ بڵێم: سوبەكت ناتوانێ لە ڕەگەی داگیركردنەوە، چەمكی بكەرێتی قڕخ بكات! نەك لەبەر ئۆوی پێكهاتەی سوبەكت نائاگایی و ئۆویدیكیە، بەڵكوو لەبەر ئۆوی سوبەكت بەرجەستەكردنی دەخەكە، كە نائاگایی و ئۆویدیكەی غەریبە تێیدا بیر لە ئازادی دەكەنەوە! لێرەوە لەبەرانبەر پێكهاتەكانی (سوبەكتی داماڕاو لە بكەرێتی) كە نائاگایی و ئۆویدیكەی غەریبە دەناسێنت، قۆناغەتهێنان بە تەزی (زمان لە نائاگایی رسكاوە)ی ژاك لاكان هەر قۆناغەتهێنان نییە بە (مانگا سوورەكەی هیگڵ لە شۆوكی ڕشدا.. یان خونچە بە ئۆوی خۆی بناسێ پێویستی بەوە هەیە ببێت بە گوڵ).. بەڵكوو قۆناغەتهێنان بە ئازادییەكانی زمان و ئازادییەكانی ئۆویدیكەی غەریبە و خراییەكانی سەردەم.. بە ئۆوی (زمان) ئازادییەكانی خۆی و خراپی بناسێنێ، دەبێ لە نائاگاییەوە بەرەو ئاگایی و سەیرورە و گۆڕانی بەردەوام و داهێنان و نوێستان بێتەوە. بە ئۆوی ئۆویدیكەی غەریبە ئازادییەكانی بگشتێتەوە، پێویستە لە وێناكردنی فەنتازی و سڕگۆڕیی ئیگۆیانەی خۆی بێتە دڕۆوە و خۆی نەك وەك پێگیر، بەڵكوو وەك دالێكی (جیاواز) بناسێنێتەوە.

بنەمای خاڵی یەكەمی ئەو لێكدانەوەیە ئۆویە، كە هەرگیز (زمان وەك نائاگایی) لە دەخی داهێنان ناوستە و بەردەوام هەنگاوی خراپ

بڕۆ گۆران و سەیرورە دەنێت.. بنەمای خانی دووەم ئاوەیە، کاتێک ئاوێدیکەی غەریبە (لای ژاك لاکان) لەگەڵ زمان هاوسەنگ دەبێت.. هەبەتە مەبەست لە ئاوێدیکەیەکە، کە سەرگوزەیی فریودەرانەی، یان پەڕگیری و بنبەستبوونی تێپەڕاندووە و پردێکی خراپە بۆ قسەکردن لەگەڵ (ئاوێدیکەی جیاواز).. بۆ مانایەی کە قسەکردن سەرچاوەکەی ئیگۆ نیە، تەنانەت خودیش نیە، بەڵکو ئاوێدیکەی جیاوازە. بۆ مانایەش چەمکی ئاوێدیکەی غەریبە (جیاواز) وەك بنەمای سەرەکی پێکهاتەی سوبێکت هەڵگری گریمانەی نەبوونیە و نزیکایەتی لەگەڵ نائاگایی زمان تێختر دەکاتەوە..
بە پێکردنەوەی بەشایەکانی ئاو دوو خاڵ لە گریمانەی نەبوونی، پشت بە قسەیەکی (فرەید) و ئەزموونی نەبوونیەوە دەبەستم، لە بارەی پەیوەندی دایك و باوك و منداڵ، کە دەڵێت: منداڵ ئاو کاتێ دایک بە بە هەز دەبینێت، کاتێک دەبینێت چووکی نیە! دایك لاو بینینەدا وەك ئەزموونی نەبوونی دەلالەت لە نائاگایی زمان دەکات و لایەکی دیکە هەنگاونانی خەرای منداڵ بڕۆ گرەی ئەدیب (واتە مەیلی گۆرانەوەی کچ بە باوك و کوڕ بە دایك) بەیە هەمیشە منداڵ لاو ئیمکانەی کە لای (دایك/ باوك) بەدەستی ناهێنێت، دەسەمێتەوە! لەبەرانبەر ئاوەدا نائاگایی زمان لە ئاکینجەبوونی کاتی سوبێکت لە ماڵکەی خێیدا (لاو ئیمکانەی کە لە ماڵ بەدەستی ناهێنێت) سەدکاتەوە.. کەواتە ئاگرچی نائاگایی زمان و ئاوێدیکەی جیاواز پێکهاتەی ماڵی کاتی سوبێکتن. بەڵام ئەمە ناتوانین سوبێکت (لە ماڵی خێیدا) بە ئاوێدیکە غەریبە و نائاگایی زمان هەژمار بکەین؟! چونکە ئاو پێکهاتانە وەك ڕوونمان کردەوە بەردەوام بوونی خۆیان لە ئازادیدا پراکتیزە دەکەن و بەندایەتی ڕەتدەکەنەوە.
بە گشتی زمان سوبێکت نیە، یان ناتوانرێت سوبێکت بێت! چونکە زمان وەك غەریبە، یان وەك نائاگایی، کردەیە.. بەڵام سوبێکت بکەرە.. سوبێکت فەڕاوەتە نەو نائاگایی ڕووتی زمان و جیاوازییەوە. بەڵام نائاگایی زمان لە کار و بکەر تەدەپەڕێنێ و کردەیە.. نەك لەبەر ئاوەی زیندوویەتی خۆی بەردەوام لە بەرهەمهێنانەوەی کەڵەن و بەشاییدا دەبینێتەوە، یان لەبەر ئاوەی بەردەوام وەك کردە لە ئەزموونی نەبوونی راست دەبێتەوە.. بەڵکوو لەبەر ئاوەی بە مانا لاکانییەکەی سوبێکت ریاڵە و زمان ڕەمزە.
دەشە ریاڵ بکەوێتە نەو کار و بکەرەوە، بەو مانایەی کە زیانی تایبەتی هەیە. بەڵام ڕەمز دەکەوێتە نەو خۆن و خەیاڵی نەزانراوەوە و خاوەنی هیچ گریمانە و پێشنیارێکی دیاریکراو نیە. بەیە سوبێکت دەتوانێت نزیکایەتیکردنی ئاوێدیکەی غەریبە (لە ماڵی خێیدا) بێت، یان نزیك زمان بێت، لە ناوەوەی خێیدا. بەڵام لە

بنەڕەتدا غەریبە و نائاگایی وەك زمان بە سوبەکت خۆن و خەیاڵی نەزانراون. چونکە بەندەواری سوبەکت نییەن. لای فرەیدیش خۆن بونیادەکی ڕەمزی هەیە. غەریبە و نائاگایی وەك خۆن و خەیاڵ هەردووکیان زمانێك لەخۆ دەگرن، کە یاسا و ڕێسای گۆڕان و سەیرورە لە ڕێگای ئازادییەوە پرەسیسە دەکەن و لەوێشەوە وەك کارفرمای ڕەمزی دەنوێ..
زمان غەریبەیە و سوبەکت نییە! زمان دایکە لە نائاگایی منداڵدا.. بەیە منداڵ (لە گرەی ئەدیپدا) بەردەوام خۆن بەو ئیمکانەوە دەبینە، کە لە واقیعدا دەستی نایگاتێ. کەواتە زمان بوونەك نییە، لە ماڵی خەیدا، چونکە ماڵی بوون قەدەمەوی سوبەکتێ و سوبەکت هیچ بەشەکی لەدەرناهێنرێت. سوبەکت ریاڵە و هەمیشە ڕیاڵ لەناو شۆنی خەیدایە. شۆنی ڕیاڵ ماڵی سوبەکتێ، بەڵام زمان بوونەکی ڕووتی بە ماڵ و کەچەری (لە خەیاڵ و خۆنی سوبەکت)دا فەراهەم دەکات.
زمان وەك بوونی بە ماڵ و کەچەری بەردەوام نیگەرانی ئیمکانەکانی لە دەستدانی ئەو خۆن و خەیاڵەیە، بەیە هەمیشە ژیانی مەرگی خۆی هەڵگرتووە. زمان و نائاگایی بوون (بە بوون)ی ئەویدیکەی غەریبە لە خۆن و خەیاڵی سوبەکتدایە، نەك لە ماڵی سوبەکتدا. لەبەرانبەر ئەودا سوبەکت وەك ڕیاڵ ناتوانرێت بەشەك بێ لە زمان و ئەویدیکەی جیاواز. ئەو زمان و ئەویدیکەی جیاوازە هەمیشە وەك ڕەمز دیانەوە شۆنی ڕیاڵ بگرنەوە و هەرگیز ناتوانن! چونکە چەمکی ئازادی لە چەمکی چەسپان باڵاتر دەبینن. لەو حاڵەتەشدا زمان و ئەویدیکەی جیاواز بە سوبەکت تەنیا خۆن و خەیاڵن و هیچی تر.
کاتەك جیاوازی و زمان (غەریبە- نائاگایی) لە جەگیربوونی کاتیانەی بوونی خەیاندا وەك (دراوسێکی کاتی) هەنگاو بەرەو (بوون بێ) دەهاوێژن و بەردەوام لە بوونی جەگیر دەچنە دەرەوە بە بەخەرهەنانی ناسنامەی مەرگی ئازادانەی خەیان لە خۆن و خەیاڵدا، یان کاتەك لەسەر دواخستنی مەرگی ئازادانەی خەیان بەردەوام دەکەونە نەو خۆن و خەیاڵەوە.. ئەو دەسەلمێنن کە سوبەکت بوونی خۆی لە پێناو خەرایی خەیدا نییە، بەڵکوو دەمەك گیانەوەی تەنیایی و دەمەك گیانەوەی پکەوەبوون و ئاشنابوونە بە زمان و جیاوازی.
لەڕەدا سوبەکت جارەك دەبەتە خانەخوێی داهێنانی زمان و جارەك دەبەتە بارمتەی جیاوازی. یاریکەری سەرەکی لەنێوان گیانەوەی تەنیایی و گیانەوەی پکەوەبوون (کات و ئازادیی).. بەڵام سوبەکت نازانێت کات چی دەکات و ئازادی بەرەو کوێی دەبات. لەبەرانبەریشدا بەردەوام زمان و جیاوازی لە دەریای(کات و ئازادیی)دا ون دەبن و سەرئاو دەکەونەوە..

زمان و جیاوازی
کاتی بەخەرەنانی داهێنان
زمان و جیاوازی، کاتی بەخەرەنانی خوون و خەیاڵی سوبەکتن. کاتێك زمان و جیاوازی لە داهێنانی بەردەوام و جیاوازی خوون و خەیاڵ دەکەون، ئیتر داهێنان دەبێتە تەنیایی زمان و سەرئاو دەکەوێت. جیاوازیش خوون و خەیاڵی داهێنان لە گۆڕانەوەی پەکەوەبوون ون دەکات.. کەواتە زمان و جیاوازی لە خوون و خەیاڵی سوبەکتدا بە جیهانمان دەناسێنیت و لە هەمان کاتدا جیهانمان لە خوون و خەیاڵدا بە نمایش دەکاتەوە.. لەوەوە سەرئاوکەوتنی سوبەکت لە داهێنان و ونبوونی سوبەکت لە خوون و خەیاڵدا دەناسینەوە.
سوبەکت کەوتۆتە نێو نائاگایی رووتی زمان و جیاوازییەوە، هەر نائاگایی زمان و جیاوازیشە خەیاڵی داهێنان لە سوبەکتدا دەوەژێنن.. کەواتە بنەمای سەرەکی خەیاڵی ئەدەبی نائاگایی زمان و جیاوازییە و هەمیشە جیاوازی و نائاگایی زمان پرسەی داهێنان لە پەیوەندییەکی زیندوودا بونیاد دەنێتەوە. بە دیوەکەی دیکە سوبەکت (وەك سیستەمی فەنتازی فریودەر، یان وەك سوبەکتی بچووك) دەتوانێت خەی لە سەرئاوکەوتن و ونبوون لابدات.. دەمەوە بەم ئەوەی لەو شیکردنەوەیەدا بەشدارە بە مانا لاکانییەکەی ئەو بەشەیە لە سوبەکت کە سوبەکتی بچووك نییە، بەکوو سوبەکتی گەورەیە!
پرسیارە بنەڕەتییەکەی ئەو لەکەینەوەیە ئەوەیە: ئایا (جیاوازی) و (زمان) مانای بوون بونیاد دەنێن، یان داهێنان؟! ئەگەرچی (زمان و جیاوازی و داهێنان) یەك ئاویدیکە پێ دەکاتەوە.. بەڵام هەمیشە زمان و جیاوازی لە گۆڕانی بەردەوام و سەیروڕدان و داهێنان جەگیربوون و چەسپانی کاتی دەنەخشێنێت.. گۆڕانی بەردەوام و سەیروڕ مانییان نییە و کۆچڕیین. بەڵام جەگیربوون و چەسپانی کاتی لە دەخی بە مانییدا بەدی نایێن.. بەو مانایەش زمان و جیاوازی گۆڕانەوەی تەنیایی و گۆڕانەوەی پەکەوەبوون بەیەکەوە دەگونجێنن. بەڵام داهێنان گۆڕانەوەی پەکەوەبوون دەچەسپێنێ. کەواتە سوبەکت لەلایەك وەك خانەخوێی داهێنان و لەلایەکی دیکە وەك خانەخوێ و بارمتەی زمان و جیاوازی خەی یەکلانەکردەتەوە. دواجار زمان و جیاوازی لەلایەك کاتی بەخەرەنانی پەکەوەبوون و مەرگی جەگیربوونێ، لەلایەکی دیکە کاتی بەخەرەنانی سەیروڕ و تەنیاییە، یان رووتر لە یەك کاتدا بەخەرەنانی داهێنان و بەخەرەنانی سەیروڕیە..
سوبەکتی داهێنەر بە زمان بیردەکاتەوە، داهێنانی جیاواز بەرهەم دەهێنێ و پارێزگاری و پاسەوانی لە مانای پەکەوەبوون دەکات. بەڵام زمان و جیاوازی لە حاڵەتی گۆڕانی بەردەوام و سەیروڕ و نائاگایی

و غەریبی و کەچدان. لەلایەك داهەنانی جیاواز جێگیربوونی کاتی و دەنیایی دەبەخشێت. لەلایەکی دیکە زمان و جیاوازی بەرەو گومان و نەزانراو هەنگاو دەنێن.. بەو مانایەش مانی بوون لەنێوان زمان و جیاوازی، داهەنان و سەیرورە، کێچ و جێگیربوون.. دەکەوێتە لەرزەوە.. بەڵام لەبیرمان نەچێت هەمیشە (ماڵ) جێگیربوون دەنەخشێنێت، ئۆگەرچی کاتیش بێت. هەمیشە (کەچکردن)ی بەردەوام لە هەنگاونان بەرەو نەزانراو زیندووە.
بگومان تەنیایی داهەنان لە جیاوازی پێکەوەبووندا ئامادەیی هەیە. بەڵام کەچکردن وەك گومانکردن لە نیشتەجێبوونێکی کاتییدایە، بە ئابردوو و بە داهاتوو! لەو ئاکنجیبوونە کاتی و کەچەدا وێنەی ماڵێك نمایان دەکرێت، کە بەردەوام سنووركانی کات و شوێنی لە گۆڕاندایە. بەو مانایەش زمان وەك داهەنان لە هەموو کات و شوێنێکدا بوونی تەنیایی خۆی لە پێکەوەیی جیاوازی بووندا دەنوێنێ. بەڵام هەر کاتێك پەیوەندیی نێوان (ڕیا) و (ڕەمز) نەما، هەر کاتێك (جیاوازی) لەگەڵ (زمان) پەیوەندییان تێکچوو، ئەوە بەشایی داهەنان درووست دەبێت، ئەو بەشاییە هەر تەنها هەستکردن بە ئەزموونی نەبوونی و تەنیایی و نامۆبوون و غەریبی نییە، ئەو بەشاییە هەر تەنها بەرهەمهێنانەوەی نەبوونی نییە، بەڵکووهەستکردنە بە مەرگ، مەرگیش تەنیا بە بوون بە جیاوازی و زمان پێ دەبەتەوە.

زمان و جیاوازی
ئازادی و گۆڕان
زمان و جیاوازی لە ئەویدیکە و نائاگایییەوە سوبەکت دادەهێنێتەوە، بەڵام ئازادی و گۆڕان لە تەنیایی و نامۆییەوە بەرهەمی دەهێنێتەوە. پەیوەندی زمان و جیاوازی لە داهەناندایە. پەیوەندی تەنیایی و نامۆیی لە سەیرورەدا زیندووە. کەواتە بەردەوام داهەنان دەبێتە پردی پێوەندەوەی گۆڕان و سەیرورە. هەمیشە ئارەزووی داهەنان پردەکە بە ئەوەی هیچ توانایەکی نەگۆڕیتی لەخۆدا هەڵگرتبێت، بە دیوەکەی دیکە بە ئەوەی بتوانێت خۆی لە بەشاییەکان بدزێتەوە؟!
دەموو بەڵم لەنێوان ئارەزووی داهەنان و سەیرورەدا بەشاییەك (پردەك) هەیە، بەشاییەك، پردەك کە هەم زمانە و هەم گۆڕان.. بە مانایەکی دیکە پانتایی بەرفراوانی داهەنانەکانی ئەو (پردە/ بەشاییە) لەپشتی پانتایی بەرتەسکی سەیرورەوەیە. خودی ئەو هەلکارییە جەرەکیشە لە ئیستیفزاز و ئارامیی هەڵگرتن لە سوبەکت لەو پانتاییە بەرفراوانی داهەنان و بەرتەسکی سەیرورەدا. ئەو هەلکارییە سوبەکت دەخاتە نیگەرانییەوە، ئەو هەلکارییە سوبەکت بە

گۆڕانكاریەكانی هاندەرات، كە هەر تەنها پاراستنی سیستمی زمانی لەخۆ نەگرتووە، یان هەر تەنها رووتكردنەوەی خەیاڵی زمان نییە، بەڵكوو ویستی شیكردنەوەی پرد و بۆشایە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا بۆشایی و پردی داهێنان و سەیرورە هیچ وزەیەكی بۆ خراپبوون و زیانگەیاندن بە سوبەكت نییە، راستە هەمیشە ویستی شیكردنەوەی سوبەكت و بۆشاییەكانی سوبەكت دەوەژێنن. لەبەرانبەریشدا سوبەكت توانای شیكردنەوەی پرد و بۆشاییەكانی سیستمی زمان وەك نەچڕەك بۆ ژیری و زیرەكی دەستكرد دەردەخات و هەر هێندەشی لەدەست دێت، هووت و قووتی زمان و خەیاڵی بەبەرگری سەیرورە نیشانی ژیری و زیرەكی دەستكرد بدات! بەڵام وەك دەردەكەوێت ژیری و زیرەكی دەستكرد بەردەوام پێشوازی لە بەرهەمهێنانەوەی خەیاڵی بۆشاییەكان و هووتیی و سەیرورە سامناكەكەی خەیاڵ دەكات! بەو مانایەی كە زمان و جیاوازی لە داهێنانی ئەدەبییدا لە هەموو پرد و بۆشاییەكان، لە هەموو رووتییەكان سەرنجڕاكێشتر خەیان دەنوێنن، بەڵام ئازادی و گۆران و سەیرورە لە زیرەكی و ژیری مەحاڵتر پیادە دەكرێن.

بنەمای سەرەكی داهێنانی خەیاڵی ئەدەبی نائاگایی زمان و جیاوازییە، بە دیوەكەی دیكەش ئەوە خەیاڵی زمانی ئەدەبیی و داهێنانە رووتی و گۆران و سەیرورەی بەردەوام لە جەنگی بۆشایی و پردی خەیاڵدا كە دەكاتەوە. ئەوە خوێرایی و جەنگی بۆشاییە پتر لە مەحاڵ بۆی دەبڕێتەوە! پردی خەیاڵ و جەنگی بۆشایی خانەخوێی داهێنان و بارمتەی جیاوازیین، یان گۆڕانەوەی تەنیایی و گۆڕانەوەی پێكەوەبوونن.. هەمیشە لە كەی گۆڕانكاری و پرسەكانی داهێناندا ئاشتەوایی دەخوازن، پێچەوانەوەی ئاگایاندنی جەنگ دژ بە پێگیری و چەسپان و رەتكردنەوەی ئەویدیكەی جیاواز، كە بە ناوی پاراستنی داهێنانی دادپەروەرانە، هێندجار لە بوارەكانی زیرەكی دەستكرددا دەیانبینین..

بەڵام خانەخوێی و بارمتەیی، تەنیایی و پێكەوەیی.. بەر لەوەی بە پردی خەیاڵ و جەنگی بۆشاییەوە بڕۆ گۆران و سەیرورە هەنگاو بنێن.. بەرلەوەی ڕوخساری داهێنان و گۆران لە پرد و بۆشاییدا بچەسپێن.. بەرلەوەی جیاوازی و خەیاڵی زمان وەڵامی پرسیارەكانی پردی چەسپاوی داهێنان بداتەوە و بۆشایی بكەوێتە بۆشاییەوە.. بۆشایی بكەوێتە لەسەندنەوەی گەیاندن و دواتر بۆشایی بكەوێتە لەسەندنەوەی بۆشاییەوە.. پردی خەیاڵ بەخستنە ڕوو جەنگێكی دیكەی بۆشاییەوە بڕۆ گۆڕانكاری و داهێنانێكی دیكەی جیاواز دەبەتەوە! كەواتە تەنها لە گۆڕاندا داهێنانی جیاوازی مومكینە، تەنها لە سەیرورەدا رووتبوونەوەی زمان مومكینە.. بەڵام هەر چۆنێ بێت سەیرورە ڕوخساری چەسپاوی داهێنان ناخاتە جەنگی بۆشاییەوە..

بەرلەوەی سەیرورە جەنگی بەشایی ببینێت، لە پردی خیانەدا رووتبوونەوەی زمان (دهنان) لە ئامێز دگرێت و لەگەڵ یەکتریدا دانووسان دەکەن و روخساری یەکتری بەرهەم دهێننەوە.

پردی خیانە و جەنگی بەشایی
لە رووتبوونەوەی زماندا

لە بگەکانی پشوودا ڕوونمان کردەوە، کە بەچی سوبەکت لە جەوهەردا زمان نییە، ئگەرچی باس لە جەرەك لە مرۆڤ بکرێت، کە پتر مەبەست لەی ئەو کەسەیە، کە نیشانەی ناسراوی ژیری و زیرەکی هەگرتووە! یان واپەدەچێت بە سوبەکتی دهنەر پرسیارەکان جەرەکی تر بن، ئایا ئارەزووەکانی جەستە دژ بە زیرەکی و ژیری دەستکرد، پردی خیانە و جەنگی بەشاییەکان و نائاگایی رووتی زمان بە نیشتمانی خیان دەزانن؟!

لە سەرەتادا با بەراوردەکی دوو مەدەلی جیاوازی (ئارەزووی جەستە لە خیانەی ئەدەبیدا) و (خرایی زانیاری لە زانستی تەکنەلۆژیدا) بکەین: یەکەمیان، وەك دهنانی ئەدەبی و شانازییەك بە خیانەی نائاگایی رووتی زمان، بە هەکاری ئەوەی کە لە بواری ئەدەبیدا مەلەی سوبەکتی دهنەر لە دەریای نائاگایی رووتی زمان تا قووڵتر بێت، نرخی ونبوونی سوبەکت لە دهنانی ئەدەبیدا بەرزتر دەبێت. دووەمیان، تا زانیاری بە خرایییەکی کەمکەمکراوتر لە زانستی تەکنەلۆژیا دەرکەوێت، زیرەکی دەستکرد، سوبەکتی دەستکرد باڵاتر دەبێت. بە مانایەکی دیکە ئەو هەزەی زیرەکی دەستکرد بانگی بە دەدا، هەمان وزە متبووەکانی ئارەزووی جەستە نییە، ئگەرچی دهنان، بەڵام دهنانی زیرەکی دەستکرد نەپشراوە، دهنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر خرایی و لەژیك رادەبێتەوە.

بە گشتی دهنان نە سیستمەکی چەسپاوی هەیە و نە هەبژاردنەکی پشنیازکراو. لە مەژووی سوبەکتدا دهنان لە هەوەکی خودی وسبەلەکراو و داپشراوەوە بەرەو ئەبەکتی دیار و دانپشراوە دەچێت.. وەك چەن خیانەی جوانی ناتوانە لە مرۆڤدەستی و جیاوازی دەرنەکەوێت. ئارەزووی جەستەش (لەگەڵ هەموو جیاوازییەکان) ناتوانە لە زانستی تەکنەلۆژیا دەرنەکەوێت.. خیانە بەرهەمهەنەری خیانە و زانیارییە.. دهنان داپشین و دانپشینە و دەبێتە خەسڵەتی کەبوونەوە و بەاوبوونەوە. لە دهنانی ئارەزووی خودی جەستەدا کەبوونەوە لە رووتبوونەوەدایە. لە دهنانی زیرەکی دەستکرد و ڕەبەتەکاندا بەاوبوونەوە لە رووتنەبوونەوەدایە. یەکەمیان وەك فرید دەیگوت بنەمای ژیارییە، دووەمیان بانگی بندگراییە.

کەواتە ئەو سوبەکت و ئەبەکتە، رووتبوونەوە و رووتنەبوونەوە،

ئارەزووی جەستە و زانستی تەکنەلۆژیا.. ئاراستەی جوولە جیاوازەکانی ژیان دەنرخێنن. بەڵام ئەو دوو دیدە جیاوازەی لە خیاڵ و خەرایيدا دەبینرێت، چیيە؟ بەگومان ئەوەی وا لە سوبەکتی داهێنەر دەکات، لە ڕەگای خیاڵی ئەدەبییەوە خەی لە ژانوژوارەکانی واقیع بدزێتەوە، چۆزی ئەدەبییە، یان جێنگی بە سوبەکتبوونێ لە بەشاییەکانی خیاڵی زماندا، بەو مانایەی کە سوبەکت فەڕدراوەتە نێو خیاڵی ڕووتی زمانەوە. بەڵام دەخی زیرەکی دەستکرد جیاوازە، پەگەی خەرایی دەستکرد و نەپەشینی زانیارییەکان بەو واتایە خەی دەنوێنێ، کە هەمیشە هاوکار و هاوپەیمانی خیاڵی داهێنان (بەگشتی)یە، بە شێوەیەکی ئاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یارمەتیی گەورە و درێژخایەن بە داهێنان دەبەخشێت.. کەواتە وەک ئاماژەمان بە کرد، زیرەکی دەستکرد لەو هێزە ناچێ، بە سێ کردنەوە پردی خیاڵ و ململانێی بەشاییەکان بە گەڕان و داهێنان و سێرورەوە ڕابماڵێت! دەمەوێ بڵێم زیرەکی دەستکرد هێزێکی تەکدەر نییە، بەڵکوو بەشێکی گەورەی سوودگەرایی و ئاوگەیی و چۆزی لە خەدا هەڵگرتووە. بەڵام هەمیشە سوبەکت لەبەرانبەر ڕەبەتەدا نیگەرانە و لە مەرگی خەی هەڕەشەت!

بەشاییەکانی سوبەکت

زیرەکی دەستکرد

هەرگیز بەشاییەکانی سوبەکت لەبەرانبەر زانستی تەکنەلۆژیادا بەو مانایە نییە، کە خیاڵی زمان و سێرورەی داهێنان لە پاشکشەدان، بەڵکوو بەو مانایەیە کە چیتر سوبەکت لە زانینی چەند زانیاری و زمانێکەوە کەسایەتی خەی ناپەوە! چیدی سوبەکت وەک هێزێکی سڕووی مەعریفەی زانراو بە تەنیا کردەی ڕەمزی نانوێنێ و چۆز و خەشی نابینێ، بەڵکوو بەردەوام لە دەخی سێرورەی جیاواز و خیاڵی داهێنان و خەرایی و لۆژیک و سڕسامی بەرهەمهێنراودایە..

سوبەکت وەک داهێنان بەرهەمهێنەری زانیاری و چۆز. زانستی تەکنەلۆژیا کەگای زانیاری لۆژیکی و چۆز. لە سوبەکتدا داهێنان بەردەوام پێیوەندی لەگەڵ بیرکردنەوە و چۆز بەرهەم دەهێنێتەوە.. لە زیرەکی دەستکرددا زانیاری لۆژیکی کەگاکراو سوودگەرایی و چۆز بەرهەم دەهێنێتەوە. چۆزی داهێنانی خودی سوبەکت هەست و خەشی دەوەژێنێ.. چۆزی زانستی تەکنەلۆژیا لە خەرایی و سڕسوڕهێنانداید. یەکەمیان ڕووی ئاواکاری لە وەرانکاری پترە. دووەمیان ڕووی ئاواکاری و وەرانکاری لەیەکەوە نزیکە. یەکەمیان خەسڵەتی کەبوونەوە و جێگیربوونی چۆز پێەو دەکات. دووەمیان خەسڵەتی بەاوبوونەوە و دابەشبوونی چۆز دەنوێنێ، بەمجەرە ئەگەر

یەکەمیان پیاوسالارانە بکەوێتەوە، ئەوە دووەمیان ژنسالارانەیە..
کەواتە چۆنی کەبوونی خەیاڵی داهێنان و چۆنی بەهابوونی خەرمانی زانیاری، بە پلەی یەکەم لە مەڕاڵی ئەدەبی و مەدڕلی زانستیدایە.
یان بە مانای شیکاری دەروونی لە (ڤالووس/ خەسان)دایە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، چەندێتیی چۆنێتی بیرکردنەوە دەکەوێتە کوێی پیاوسالاریی و ژنسالاریەوە ؟
وەک گوتمان سوبەکت لە دەخی (پیاوسالاریی)دا وەک خانەخوێی ژن و خانەخوێ و بارمتەی جوانی و جیاوازی خێی یەکلانەکردەتەوە، ئەو یەکلانەکردنەوەیە وەک گۆڕانکاری بەردەوام لە دەخی (ژنسالاریی)دا بەرەو خەرمانی دابەشبوونی چۆڕ و بەهابوونەوەی بیرکردنەوە دەچێت.
واتە بەردەوام پیاوسالاریی و سێرورە بەرەو ژنسالاریی و خەرمانی و لۆژیکی زیرەکی هەنگاو دەنێت. کەواتە کێی ئەو یەکلانەکردنەوەیەی لە پیاوسالاریدا کەبەتەوە، هەر تەنها گومان لە سوبەکت ناچێنێت، بەکوو وەک تیغەکی دووسەرە گومان و تووندوتیژی لەدەبەتەوە..
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوشدا ژنسالارییش لە توانای بەرهەمهێنانی گومان و تووندوتیژی بەدەر نییە.
بە کورتی ئەوە خەیاڵ و جیاوازییە لە رووە ئاسۆییەکەیدا بنەمای چۆڕ و ئاستی داهێنان لە سوبەکتدا دیاری دەکات. وەک چۆن لە رووە ستوونییەکەیدا گۆڕان و سێرورەی بەردەوامی تێدا دەوەژێنێ. لە هەردوو رووی ستوونی و ئاسۆییدا سوبەکت و ڕەبەت سەر بە خەرمانی و لۆژیک و چۆژن. ئاستی خیرایی ڕەبەت بەرفراوانترە لە ئاستی خەرمانی سوبەکت، بەڵام لە دەخی ململانێ و هەرشبردن و پارەزگاریکردندا هەمیشە سوبەکت پشت بە نائاگایی رووتی زمان و جیاوازی دەبەستێت.
کەچی ڕەبەت بە خەرمانی زانیاری بیرکردنەوەی لۆژیکی ناسراوە.
کەواتە هەمیشە لەبەرانبەر چۆڕی خەراو بەهاوی ڕەبەتکاندا، چۆڕی خەیاڵی داهێنانی ئەدەبی و هونەری کەمان دەکاتەوە.
گۆڕان و سێرورەی خەیاڵی داهێنان و زانستی تەکنەلۆژیا لە دوو ئاستدا ئامادەن- نائامادەن. خەیاڵی داهێنان وەک چۆڕی داهێنان (پارەزگاری) دەکات. زیرەکی دەستکرد وەک خەرمانی زانیاری و لۆژیکی بیرکردنەوە (هەرش) دەکات. ئەوەی (خەیاڵی داهێنان) لە (زانستی تەکنەلۆژیا) جیادەکاتەوە کاتیی خەرمانی و مۆاڵی جیاوازییە! ئەوەی (خەیاڵی داهێنان) لە (زانستی تەکنەلۆژیا) جیادەکاتەوە چەمکی جۆگیربوون و دابەشبوونە.. بەڵام خەیاڵی داهێنان و درۆزکراوەکەی (زیرەکی دەستکرد) نە کاتی بە دەست کەسەوە هەشتەوە و نە مۆاڵ، نە جۆگیربوون و نە دابەشبوون.. زیندەگی لە زەمانی خەیاڵی داهێنانی خەرا و درۆزکراوەکەی لە جەنگدایە و جەنگیش چۆڕ و خەشی ناس ناکات. جەنگ نە (کات) دەناسێ و نە (ئەخلاق)ی هەیە. بە دیوەکەی

دیکەش لە کەی هەرشە ئامادە و نائامادەکاندا گۆڕانی جەنگ سوبەکتە، ڕەبەت نییە! بە گشتی سوبەکت هەم هەرشەکەرە و هەم بەرگریکار.. سوبەکت قوربانییە، کە ناچارە بەرگریی لە ئامادەیی و لە هەمان کاتدا هەرشی نائامادەیی بکات.

هەوشانەوەی سوبەکت

لەنێوان هەرشبردن و پارێزگاریکردندا

لە جەنگی زانیاری و چەژدا، نە سوبەکت دیارە نە لەژیك.. وەك چۆن لە جەنگی داهێنان و چەژدا، نە ڕووتی زمان خەی دەنوێنێ و نە ئاستی بەرجەستەی جیاوازی.. یەکەمیان لەبەر خەرایی، کاتی ئاوەدانەوەی نییە.. دووەمیان لەبەر چەژی خوێندنەری هەموو شتزان بیر ناکاتەوە.. هەرشی زانستی تەکنەلەژی لەسەر گریمانەی تووندوتیژی و گومان وەستاوە. هەرش و بەرگری خەیاڵی خوێندنەر لەسەر کردەی گومان و تووندوتیژی چەژ دەردەکەوێت. کەواتە دەکرێ خواستی داهێنان و ئارەزووی خەرایی لە یەککاتدا لە بەرگریکردن و هەرشکردن، لە کەبوونەوە و بەاوبوونەوەدا ببینین. بەو مانایەش ئەوەی بەوەمان دەبات ئارەزووی خود نییە، خەرایی تەکنەلەژیا نییە، گومان و تووندوتیژییە!

بە مانایەکی دیکە ئەبەکتی ئارەزووی داهێنان لە ڕێگای سەیرورەی بەردەوامەوە بە زانستی تەکنەلەژیای خەرایی زیرەکی و لەژیك دەگۆڕێت. بەیە ئەمەش کەی ئەو گۆڕانکارییانە بازاڕیان لە هەموو کاتێك گەرمترە و خەکی سفیلیان خستەتە گومان و لەرزەوە! بە گشتی ئارەزووی داهێنان و زانستی تەکنەلەژیا نەك هەر کاتی بە ڕامان ئاوەدانەوە نەهشتەتەوە، بەکوو تووندوتیژی و دەواوکەشی لای بەشکی زۆری خەکی سفیلی کەی گەی زۆی بەاوکردەتەوە.!

داهێنان هەر تەنها وەك ئەبەکتی ئارەزوو ناچێتە نەو خەراییەوە، زانستی تەکنەلەژی هەر تەنها وەك خەرایی بەاوبوونەوە داهێنان ناکات، بەکوو بە پاساوی گۆڕانکاری و سەیرورەی بەردەوام لە ژیاندا هەنگاو دەنێن، بەڵام ئەو هەموو هەوە و کەششی زیرەکی، ئەو هەموو داهێنانە یەك لە دوا یەکانە.. هیچ قەناعەتەك لای ئەو کەسانە دروست دەکەن، کە ئەخلاقییانە بیر دەکەنەوە؟

بەگومان لە پشت هەرهەکارەکەوە هەکارەکی دیکە هەیە، بەیە وەك چۆن وزەی خەیاڵ پاساوی بە داهێنانی بەردەوام هەیە، بەمجەرەش زانستی تەکنەلەژیا پاساوی بە خستنە لەرزەی واقیعی باو هەیە.. بەڵام دواجار ئەو هەموو خیراییەی زیرەکی دەستکرد و خەیاڵی داهێنان، ئارامی لە ژیان هەڵگرتووە! چونکە مرۆڤ هیچ دەرفەتەکی بە ڕامان لە جوانی لەبەر دەستدا نەماوەتەوە. ژیان کەوتەتە نەو گومان و

تووندوتیژییەوە. بە کورتی خەیاڵی داهێنان چێشنی زانستی تەکنەلۆژی هەر تەنها بە داهێنانێك لەدوا یەکەکان و خزمەتگوزارییەکانی خۆی سەرسامە..
کۆمپانیا ئەپڵی بڕگری دەکات، سوبڕکت نییە ئارەزووی ئەبڕکتە، بەڵام ئەبڕکت تەنیا چەمکێکە لەنێو گوتارەکانی سوبڕکتدا، تەنیا لە چوارچێوەی سوبڕکتدا دەتوانێ کاببتەوە. ئارەزووی ئەبڕکت لە سەروەری سوبڕکتدایە. چەمکی (سەروەری) جارێك لە سەرگوزەشتەی بە سوبڕکتی رسکاوی نێو خەیاڵی زمان و نائاگایی دەگەڕێنتەوە، بەڵام زانستی تەکنەلۆژیا و پەلهاوێژتنی بە پانتاییەکانی ژیان، ئارەزووی ئەبڕکتی لە کەردنەوە و سەپاندنا تێپەڕاندووە و لە خزمەتی بەاوبوونەوە و دابەشبوونی چێژدا گەمەی پێدەکات.. دەمەوێ بڵێم لە نائامادەیی چێژی کەراوەی قالووسیدا تێڕ چێژ هەژموونداڕ.
زانستی تەکنەلۆژیا هەر تەنها خزمەتی لە کەردنەوە و دابەشکردنی زانیارییەکان پڕسیسە ناکات، وەك چۆن خەیاڵی داهێنان هەر تەنها کەردنەوەی پەیوەندیی چێژی خوێنەری جیاواز و چێژی زمان نییە. بە کورتی داهێنان گۆڕانیکردن بە نەناسراوەکی رووت نییە، کە ئارەزووی جەستە و ڕەبەتەکانن.. کۆمپانیا ئەپڵ گۆڕانکارییە خزمەتگوزارییەکانی لە گردبوونەوە و جێگیربوونەوە بڕەو بەاوبوونەوە و دابەشبوونمان دەبات، گۆڕانکاری رووتی تەکنیکە.. میکانیزمی گومان و تووندوتیژیش رووتی تەکنیك و ئەبڕکتی خەیاڵ بڕەوی دەبات..
خەیاڵ کێیە، خزمەتگوزارییە یان ئۆپدیکەی خوێنەر، تەکنیکە یان ئەبڕکت، پەکهاتەی زیرەکی دەستکردە یان بەشداریکەری داهێنان؟ بەگومان خەیاڵ نادیارە، خەیاڵ ئۆپەڕە، کە تەکنیك بەجێی دەهێنێ، تەکنیك بەرجەستەی دەکات، بەڵێ هەرگیز (کێیەتی)یەکی خەیاڵ بە تەکنیك پێناسە ناکرێت، یان لەوەدا نییە پێناسە بکرێت.. کێیەتی خەیاڵ لەنێوان خزمەتگوزاری دەستکرد و چێژی ئۆپدیکەدا تەکنیکە، هەرگیز تەکنیکیش بە ئاماژەکان یان مانا دیاریکراوەکان ناگەیەنێ. کێیەتی خەیاڵ، ئەبڕکتی ئارەزوو و تەکنیکی خزمەتگوزاری بەرهەمدەهێنێ. دەتوانین بڵێین وێنەکانی خەیاڵ دەمامکی نائاگایی زمان و جیاوازییە. بەڵام ئۆپی وێنەی ئارەزووی جەستە و زانستی تەکنەلۆژی لەکجیا دەکاتەوە، کردەی بەرهەمهێنانەوە و کاری سەرسامکەرانەیە! کۆبوونەوە و بەاوبوونەوەیە..
هەمیشە وزەی کەراوەی خەیاڵ، بوونی خۆی لە بەرهەمهێنانی ئاستە جیاوازەکانی داهێنانداهەگرتووە. بەڵام رووتی خزمەتگوزاری بوونی خۆی لە وزە دەرپەیووکاندا هەدەگرێتەوە، کۆمپانیا بەکارهێنانی ماتوزەکانی داهێنان لە ڕگای زیرەکی دەستکرد لە پێناو بەاوبوونەوەیە.. بەشکی گەورەی بەاوبوونەوە لەپێناو دابەشبوونی

بازاڕی زانیاریيەکانە، لە دەرکەوتنی سوود و چێژگرایی و دووبارە دەرکەوتنە. بەڵام دەرکەوتنی داهێنانی خێرا لە بەردەوامی ئاستە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوەدایە.
وەک دەزانین زیرەکی دەستکرد هاوکاری داهێنان دەکات. داهێنانیش بە شێوەی جەراوجەر وزە متکراوەکانی دەخاتە خزمەتی زیرەکی دەستکردەوە. بەو مانایەش کردەی داهێنان ماتە وزە پێشراوەکانی پێشکەش زیرەکی دەستکرد وەک ڕووتبووندەوەی دەرکەوتن دەکات. لەبەرانبەریشدا زیرەکی دەستکرد وزە دەرپەڕێنراوەکانی خەرایی وەک نەپێشین نیشان دەدات. لەڕەدا داهێنان هیچی لە دەستنەداوە، بەڵکو لەژێر نەپێشین پێشینی بەدەستهێناوە! بە مانایەکی دیکە ئەوەی داهێنان بەدەستیهێناوە ئاستە جیاوازەکانی داهێنانی خێرایی پێشینە. ئەوەی زیرەکی دەستکرد دەجوولێنە، نەپێشراوی خەرایی..
وزە دەرپەڕێنراوەکانی زیرەکی دەستکرد خێرایی نیین و لە زانینی پێتی دەردەکەون، بەڵام ئاستە جیاوازەکانی داهێنان جگە لە خێرایی داهێنان لە ئەبەکتدا کورت دەکرێنەوە. بەو مانایەش وێنەی زیرەکی دەستکرد بەر لە دەرکەوتن لە مەحاڵی نەپێشیندایە. تاکە ئیمکانی ڕووتی داهێنان لە ئاستە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوەی داهێنانداية..

ماتەوزە و وزەی دەرپەڕیوو
ئارەزوو/ تەکنەلۆژیا
چەمکی (پەیوەندی)ی لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز و خێرایی داهێنان لە چەمکی ئارەزووی جەستەدا کەدەبەستەوە. چەمکی (ڕوو-بە-ڕوو) بوونەوەی زانیاری و خەرایی لە چەمکی ڕووتی زانستی تەکنەلۆژیادا بەاو دەبەتەوە! بەو مانایەش ئامادەیی (ئارەزوو/ ڕووتی) دەرفەتی بەیەکەوەبوون و بەاوبوونەوە، دەرفەتی دەرپەڕاندنی وزە متبووەکان و وزە دەرپەڕیووەکان ئاسانتر نیشان دەدات. واتە لەلایەک خوێندنەوەی ئارەزوومەندانە بە گەیشتن ئاسانتر دەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکە مەرج نییە لە هەموو پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا، لە هەموو (ئارەزوو) و (ڕووتی)یەکدا دەرفەتی کەبوونەوە هاوتای دەرفەتی بەاوبوونەوە بێت! چونکە لە فرە زانیاری و فرە ڕووتیدا پانتایی بەاوبوونەوە و دابەشبوونی چێژ لە پانتایی چێژی کەبەوەی ئارەزوومەندانە فرەوانترە.. چونکە بەجەهێنانی چێژی وزە دەرپەڕیووەکانی (زانیاری-نەپێشین) لەگەڵ پرسەی بەجەهێنانی چێژی وزە متبووە کەبەوەکان جیاوازە..
چێژی زانستی تەکنەلۆژیا کە بەاو و دابەشکراوە، لە گەڵ انکاریی بەکەتایی هەنگاو بەرەو بانگێک لە بەرزایی نەبینراوەوە دەنێت، بە

خرایی زانیاری و خیانەت پێ چێژکانیانەوە دەبن بە دراوسێی چێژی وزە متبووە کەبووکان، یان بوونە ئەخلاقیەکی ئارەزووی جەستە، لەو لەکنزیکبوونەوەیدا خرایی زانیاری دێوەژە خیانەتکانی ئارەزووی جەستەی (دراوسێ) بخاتە ژێر پرسیار و تاقیکردنەوەی زانستیەوە و دواتر ئارەزوو چێشنی ئەبەکت جەبهەڵەت!.. جەهێشتنی ئارەزووکانی جەستەی دراوسێ وەك ئەبەکت لە زەربەی رووکاندا دەلالەت لە پشکوتنی خرای زانیاری و رووتی زانستی و بەاوبوونەوە و دابەشبوونی سوودگرایی و چێژ دەکات.
بەمجرە (پێوەندی)ی ئارەزوومەندانە دەلالەت لە بەرپرسیارێتی ڤالووسی و بەرهەمهێنانەوە دەکات. بەڵام (روو-بە-روو) زانیاری و خرایی ئاشکراکردنی ڕووتیە، لە هەر ڕووتیەك ڕووتتر.. هەبەتە پێوەندی ئارەزوومەندانە هەوەڵدەدات چەمکی ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری و خرایی بخاتە بەردەم تەحەدایەکی ئەخلاقیەوە، بەوەی یان دەبێت میوانداری لە چێژی ئارەزووی جەستە بکات، یان مەیلی تەکنەلەژی وەك مەیلەکی بە مەرالی بسەلمێنێت. بەگومان بنەمای ئەو تەحەدایە لە ململانێی ڕەسەنێتی و ناڕەسەنێتی جوانتر دەردەکەوێت.. بە دنیاییەوە ئەگەر چەمکی خیانەت لەو خوێندنەوەیەدا وەلا بنێین، ئەوە تەحەدای مەڵالی تاکە هەوڵەکە بەرانبەر نەزمی داگیرکارانەی چێژی تەکنەلەژیا بوەستێتەوە.
ئەگەر ئارەزووی جەستە و ئاوەزانبوون وەك سیمایەکی ژاکاوی پێوەندی نەرسالارانە تەماشا بکەین، ئەوە هەشتا مەیلی تەکنەلەژیا شتانێکی مەسالارانەی جیاوازی لەپشوەیە، کە بتوانێ دووبارە بیبەخشێتەوە و بەشی بکات! واتە مەیلی تەکنەلەژیا (وەك پێوەندی و ڕووبەڕووبوونەوە) هەشتا بەرپرسیارە لە پشوازییکردنی نەرسالارانەی ئەخلاقیی.. بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا بانگی بەندگرایی مەسالارانە، بانگی پەدانی ئەدرەسی ڕووتبوونەوەیە، بە ئارەزووی نەرسالارانە.. تاکو لە سەنتەرگرایی بێتە دەرەوە و بە دابەشبوون رازی بێت؟
لەبەر ئەوەی ئەویدیکەی جیاواز چیدی لە ماڵی نەرسالاریدا نییە و لە ژێر ئاسمانێکی بە پچڕتر و بەاودایە. لەبەر ئەوەی چیدی ئارەزووی جەستە ئارەزووی خستنەناوەوەی کەبەوە بەرانبەر بەاوبوونەوە و دابەشکردن نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە تەکنەلەژیایە دەبێتە زانیاری و خرایی، نەك ئارەزووی جەستە.. ئیتر ئەو ململانێیە دەبێتە تووندوتیژیی بەرانبەر ئەو ئارەزووەی ماوەتەوە.. بەرانبەر ئەو سوبەکتەی بە هەی تێپەڕاندنی کاتی تێپەڕنەراو دەکشێتەوە و دەکەوێتە نەو ئابردووەوە و لە ئێستا ونە دەبێت. ئەگەرچی ئەو سوبەکتەی ماوەتەوە هەمیشە پێیەوەی دراوسێتیەکی باش

دکات، بەدەم بانگیانەوە دەچێت، با ئەدرەسکە هەڵەش بێت..
ئازاری ئەدرەسی هەڵە لە کوێیە؟ لەوەوێیە کاتێك ئەو سوبەکتەی ماوەتەوە، ئەو ئارەزووەی لەبەرانبەر فرە زانیاری و خراییدا ماوەتەوە، ئەو رەسەنە، وندەبێت.. وندەبێت بەرانبەر گوتاری ناهەسەنی دەرەوە کە لە قسەکردن بە واتا سادەکەی زیاترە، لەوشەوە هەر کە لە خەی دەوانێت شەرم لەخەی دەکات و ئارەزووکانی دەکشێنتەوە لە کشانەوشدا پێش هەموو پرسێك داوای (ببوورە) دەکات.

پرسی (ببوورە)
لە تاقیکردنەوەی زانستیدا
تەکنەلۆژیا لە ماوەی کارکردنیدا زانیارییەکی خرا و زۆری ئاشکرا کردووە.. لەبەرانبەردا ئارەزووی سوبەکتی رەسەن پرسی میوانداریی (دراوسێی)ی بەهەرج بەرز دەکاتەوە.. واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئارەزووی سوبەکت لەبەرانبەر چەمکی بابوونەوەی تەکنەلۆژیدا دەستی لە چەمکی کەبوونەوە شلکردووە.. بەڵام لای زیرەکی دەستکرد ئەو دەست شلکردنە بانەو تاقیکردنەوەی زانستیدا نەڕەیشتووە.. هەر شتە بانەو تاقیکردنەوەی زانستیدا رەتنەبێت، زیرەکی دەستکرد نایخوێنێتەوە.. کەواتە ئەگەر بمانەوێت بە دروستی لە پرسی (ببوورە) تێبگەین، ئەوە دەبە بە تاقیکردنەوەی تەکنەلۆژیایی بابوونەوەدا تێپەڕین..
پرسەکە ئەوەیە ئارەزووی سوبەکتی رەسەن لە دەستی کە داوای لێبووردن دەکات؟ ئایا تەکنەلۆژیا داگیری کردین.. پرسی ببوورە ڕزگارمان دەکات؟! هەبەتە (ببوورە) وەك نەریتەکی مرۆڤدۆستانە لە دەرزمانەوە هەبووە و هەشتایش هەر ماوە، بەڵام هەرگیز تەکنەلۆژیا (زیرەکی دەستکرد) فریای دووبارەکردنەوەی ئەو پرسانە ناکەوێت، تەکنەلۆژیا داکەکی لە خرایی و زانیاری دەکات وئاوەنادا تەوە..
کەواتە ئەو هاودەنگییەی لەنێوان زانیاریی و خرایی دروست بووە، لەنێوان بابوونەوە و دابەشبوون دروست بووە، بەشەك لە هەکارەکانی هەم قەتیسکردنی مرۆڤدۆستییە لە پیاوسالاری (سەرکەشیەکانی ڤالووس)، هەمیش پشکۆتنە خراکانی مسالاری و روویە، هەم گەینی دراوسێ بوو لە بەدەمداچوونیی بە مرجەوە بە چەڕ و قازانج و قەستنەوەی وەك بارمتە..
بەمجۆرە زانیاری و خرایی چیدی دەرفەتی ئاوەدانەوەی لە دراوسێ نییە، تەنها وەك بارمتەی پە چەڕ و سوود نەبە، نایخوێنێتەوە.. ئیتر تەکنەلۆژیا روخساری دراوسێی لە دەرەوە و بە دەرەوە دەوێت، دراوسێ وەك ئەبەکت بەکار دەهێنێت.. کاتێك تەکنەلۆژیا لە دەرەوە لە سیمای بارمتە، لە سیمای دراوسێ دەوانێت، بە یارمەتیدانی

ئەرسی هەی خی پەدات.. نك لەبر ئوی خانخو کنترە لە بارمتە، نك لەبر ئوی تکنلژیا بردوام گانکاری و سیرورە و خانخو لەبری بارمتە جی جیاوازی گرتتو.. نك لەبر ئوی تکنلژیا ئویدیکی کچریە و ئاو ناداتو، ئگرچی خرایی و زانیاریکانی چوساندنوی جیاوازیشی لەبکوتو.. یە کورتی تکنلژیا فریا ناکوت لەبری زانستی تاقیکردنو لگە پرسی (ببوور) ئخلاقی بتو! جگە لوش ئخلاقیبوونی تاقیکردنو لە خرایی کم ناکاتو.. خرایی زانیاریکان بڕپرسیارتیان نیە.. زیرکی دستکرد لە رووی ئنتلژیو نا-ئخلاقیە. تکنلژیا لو تووندوتیژیدا، کە تووندوتیژی تتاتیە و تووندوتیژیکی لە خرایی درچوو.. بردوام گمی بارمتکان و هگانو و جگکە دکات. لەبرانبریشدا سوبکت کە بارمتی زمانی نائاگایی و جیاوازیی و داهنانە لە (ببوور)دا هاوبشی تکنلژیا بکات، کە دیسان هر تکنلژایە.

هولر 12/1/2025
عبدولموتلیب عبدوا

زیندان وک ئامرازی سرکوتکردنی هزری ئازاد.. ئاس ساح

فیلمی (A Twelve-Year Night) بە نموونە

«بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئبە
قو بە سر ئو دوژمنە هیوای بە بندیخانەیە» – قانع

فیلمی "A Twelve-Year Night" (دوازدە سا تاریکی)، برهمکی سینمایی قو و کاریگر کە چیرکی استقینی سێ زیندانیی سیاسی تپامار لە ئرگوای دگتو. تپامار، بزوتنوی زگاریخوازیی نیشتیمانی ــ گروپکی مارکسیست-لینینیست و گریلای

شاریی بوون و لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ چاڵاکیان لەناو شارەکان ئەنجام دەدا. چەپی ڕادیکاڵ بوون. لە ساڵی ١٩٧٣دا، دوای شکستی تەپامارییەکان و سەرکەوتنی حوکمەتی دیکتاتۆری دوای کودەتایەکی سەربازی، لە ٧ـی مانگی ٩ـی١٩٧٣ نێ ئەندامی ئەم گروپە دەستگیر دەکرێن و دەکرێن بە دیل. ئەم فیلمە چیرۆکی سێ لەم دەستگیرکراوانە دەگێڕێتەوە کە بە ماوەی ١٢ ساڵ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە زیندانی تاکەکەسیدا دەهێڵرێنەوە. یەکێک لەوان، "خەسڕەو مەخیکا"یە، کە دواتر لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠١٠ دەبێتە سەرۆک کۆماری وڵات. یەکێکی تر ئێلوتێریە فەرناندێز کە دوای ئازادبوونی بووە سیناتۆر و وەزیری بەرگری. هەروەها، ماوریسیە ڕەسنێکەف کە نووسەر بوو دوای ئازادبوونی دەست دەکاتەوە بە کایەی ئەدەبی خۆی و شاعیر و ڕۆمانووس و شانۆنامە دەنووسێت و لە مەندەتیفە دەبێتە بەڕێوبەری ڕەشنبیری ئەم شارە. فیلمەکە پیشانی دەدات کە چۆن دەسەڵاتی سەرکوتکەر، زیندان دەکاتە ئامرازێک بە تێکشکاندنی کەسایەتی و هزری ئازادیخوازان، بەڵام سەرکەوتوو نابێت لە شکاندنی ئیرادەیان. کەسانی شکستخواردوو ئەوانەن کە زوو خۆیان بەدەستەوە دەدەن! کەسانی سەرکەوتوو ئەوانەن کە خۆیان بەدەستەوە نادەن و بە ئیرادە و هێزەوە ڕووبەڕووی دەخە دژوارەکان دەوەستنەوە.

زیندان لە مێژووی خەباتی گەلاندا تەنها شوێنکی فیزیکی نییە، بەڵکو میکانیزمێکە کە بەکاردێت بۆ نیشاندانی هێزی دەسەڵات بۆ کپکردنی دەنگی جیاواز و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی و هزری ئازاد.

زیندان وەک ئامرازی سەرکوتکردن:

لە ژێر حوکمی هەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، فاشیست، تۆتالیتار و ئۆلیگارشیدا، زیندان دەبێتە شوێنی کپ کردنی هزری ئازاد، ڕەخنە و بیرۆڕای جیاواز. ئەمە لە ڕاستیدا تەنها سزایەکی تاکەکەسییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا نیشاندانی هێز و پەیامی سیاسی دەسەڵاتە. لەڕێدا ئەم زیندانە یان سزایە، خۆی دەشارێتەوە لە پشت پەردەی یاساوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئامرازێکی بێ-یاسایی بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵات.

دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان بەردەوام لە هەوڵی دووبارە پێناسەکردنی زیندانن وەک شوێنکی "یاسایی" بۆ سزادانی ئەوانەی دژی سیستەمەکەیان دەوەستنەوە. بەڵام زیندان لە ڕاستیدا بووتە گۆڕەپانی ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری. لە فیلمی "A Twelve-

Year Night"دا، دەبینین چۆن دەستاتی سەربازیی ئەرگوایی سەچاکوانی سیاسیی چەپ جیادکەنەوە و بەردەوام دەیانگوازنەوە بەبنکە سەربازییەکان، دەیانهێنەوە لە ژێر بارودۆخێکی نائینسانیدا، بە ئامانجی تێکشکاندنی کەسایەتییان و وەرگرتنی زانیاری و شێتکردنیان.

هەمان میکانیزم لە لایەن ژمارەیەک سەرکوتکەرەکانی ناوچەکەی ئەمەش بەکار هێناوە، وەک بەعس لە عێراق، ژمارەی پەهلەوی و کەماری ئیسلامی لە ئێران، یان تورکیا بەرامبەر بە کورد. نموونەی ئەو شکەنجە و زیندانانەی وەک ئەبوغرەب، دیاربەکر، سیدنایا ...هتد، هەموویان بەشێکن لە میکانیزمی بەدەنگەکردنی دەنگی ناڕازی و سەرکوتکردنی هزری ئازاد.

زیندان و پێشەوانی گەانکاری:

سروشتی گشت دەستاتە خەسڕەنەکان لە یەکتر نزیکە. هەر لە ساتی دەستپێکیانەوە تا کۆتاییان، زیندانەکان پەدەکەن لەو مرۆڤانەی هەزری ئازادیان ڕام ناکرێت. هەرگیز سەناکەنەوە لە ئازار و ئێشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بە ئامانجی لەناوبردنی ئەو ڕەحیەت و ئیرادەیەی هەیانە. بەڵام وەک قانیع دەڵێت: "قوربەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە"، چونکە زەرن ئەوانەی زیندانیان لە سیمبولی داگیرکردن و لەناوبردن، گۆیوە بە سیمبولی ئازادی و بەرخودان.

لە فیلمی "A Twelve-Year Night"دا، دەبینین چۆن خەسە مەخیکا و هاوەڵەکانی لە ناخی تاریکی و تەنیاییدا، سوور دەبن لەسەر پاراستنی هەزر و بیروباوەڕیان. ئەوان بەرگەی ١٢ ساڵ ئێشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونی دەگرن بە ئەوەی ملکەچ بن. ئەم ئەزموونە هاوشێوەی ئەزموونی زۆرێک لە زیندانییە سیاسییەکانی جیهانە.

زۆرێک لەو کەسایەتییانەی بوونەتە ڕابەری گەانکاری، زەمەنێکی درێژیان لە زیندانەدا بەسەر کردووە. وەک لینین، گرامشی، ماندێلا، هەشی مینە، ئانگ سان سوکی، مارتن لەسەر کینگ، یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، عەبدوڵا ئۆجەلان، خەسە مەخیکا و چەندانی تر کە لە ژماردن نایەن. هەر یەک لەم کەسایەتییانە چیرۆکی تراژیدی تایبەتی خۆیان هەیە و بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام و ئیرادە بە نەوەی دواتریان بەوستانەوە دژی هەر دەستاتێکی خەسڕەن و دیکتاتۆری.

ڕەشبگیری و سەرکوتی هزری ئازاد

ئەو تێشبگیرییەی بەعس و هاوشێوەکانی دەیانکرد دژی هەر کەسێک کە بۆنی گۆڕی ئازادیی لێ بهاتایە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو سیاسەتە دەندانەیە کە مێژووی سەردەمی نوێ خەیاڵی بینیوەتی. هەزاران کوردی بێتاوانی بەهەی بیروباوەڕ، خوێندنەوەی کتێبێک، یان تەنانەت گوێگرتن لە گۆرانییەک دەستگیرکراون و ڕەوانەی زیندانەکان کراون، تا ئێستاش بەردەوامە.

دەستگیرکردنی بەکەمەڵی گەنجان و چالاکوانانی کورد، لە ئێران و تورکیا تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمەش نموونەی ئەو تراژیدیانەن کە گەلی کورد بینیوەتی. هەموو ئەمانە بەشێکن لە هەوڵی سیستەمە سەرکوتکەرەکان دەیگەڕێنەبەر بۆ لەناوبردنی ئیرادەی کورد و بەدەنگکردنی هزری ئازاد.

ئەم تراژیدیانەش هاوشێوەی ئەزموونی تەپامارەکانی ئەرگوای لە فیلمی "A Twelve-Year Night"دا، سەرئەنجام نەیانتوانیوە ئیرادەی گەلی کورد بشکێنن و ویستی ئازادیخوازی و مافخوازی لەناوببەن. بەپێچەوانەوە، ئەم کارەساتانە بوونەتە سەرچاوەی بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی و خەباتگری گەلی کورد.

زیندانی مەدەرن: داگیرکردنی فیزیکی و هزری

زیندان لە مێژووی هەموو گەلێکی ژێردەستە و چەوساوەدا یادەوەرییەکی تراژیدییە. هەر ئەمەش وا دەکات ئەدەبیاتی زیندان زیاتر پەرەبسەنێت و لە ڕەگەی کاری ئەدەبی، فەرهەنگی و کەلتووریەوە چیرۆکانی زیندان بگەڕێنەوە.

جۆرج ئۆروێڵ، لە ڕۆمانی "١٩٨٤"دا، کە بەپێی لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆر دەکات، زیندان/ژووری ژمارە ١٠١ وەک نموونەی تێکشکاندن و گۆشینی هزری لێژیکی مرۆڤ وێنا دەکات. لەو ڕۆمانەدا، ئۆروێڵ خەسڵەتی ترسناکی زیندانی مەدەرن دەخاتە ڕوو کە تەنها داگیرکردنی جەستە ناکاتە ئامانج، بەڵکو دەیەوێت هزر و هۆشی مرۆڤیش داگیر بکات. دەسەڵات دەیەوێت چی بووێت ئەوە لای زیندانی بکاتە حەقیقەت و ڕاستیی ڕەها، وەک: ٢+٢=٥.

لە فیلمی "A Twelve-Year Night"یشدا دەبینین چۆن سیستەمی سەرکوتکەر سێ زیندانییەکە لە دنیای دەرەوە دادەبڕێت، هەوەدەدات بیریان بچێتەوە، ناچاریان بکات وا بیربکەنەوە کە دەڕاون و خەبات بێ سوودە. بەڵام سەرئەنجام، ئەوان توانیویانە پارێزگاری لە هزر و بیروباوەڕی خۆیان بکەن.

ئەدەبی زیندان لە ئەدەبیاتی کوردیدا

ئەمە وەک گەلێکی داگیرکراو، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، چەندان مرۆڤی شۆڕشگێڕ و قارەمانمان لە خراوەتە گرتووخانە، بەڵام وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. چیرۆکە تراژیدی و کەمونەکانی زیندانییان تا ئادیەک فەرامۆش کراوە، ئاوڕی بەزیندوویی هەشتوونیەتەوە، نەمری خودی چیرۆکی داستانییەکیانە.

تا ئادیەک زەمینەیەکی لەبار بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لەمەڕ ئەدەبی زیندان هەیە، بەڵام ئەدەبیاتی کورد لەو ڕووەوە لاوازە. هەرچەندە بەشێکی گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. لە سەر پرسە سیاسییەکان ئاوڕی گیراوە زیاتر کۆمەڵایەتی سیاسی بوونە، زەمینەی زیاندان لە ژێرگوشاری دەروونی هانی داون بۆ نووسین. یەکێک لەوانە "مەلا عەلی" شاعیرە، کە لە "شیعری ژووری سەدارە"دا دەڵێت:

«ئێستا: ئەمڕۆ و، لە ترسی مردن پەشۆکاو
پەشمەرگە بەم هەر ئێکەومە پێش ئاوە
بە مەرگی پێش مەرگی ئاوە ئاسوودەم
ڕووشم، زەردەی پێکەنینی هەر پاوە

گەرچی بڕاو دواماڵی ژین بڕاوم
یەکەم ماڵی نەمردن دیارە لەوم
بەشم چونکە مردنی ناو جێ نییە
شادم کە تا دوا هەناسەش بە پاوم»

لێرەدا شاعیر لەوپەڕی بڕگریی شکۆدارانەدایە و زیندان لە ڕگەی ئەدەبەکەیەوە دەکاتە چەقی بڕخودان و پێدانی ئیرادە و بڕدەوامیدان بە ڕگەی تێکۆشان. ئەو پەیام بە هاوڕێ و هاوبیرەکانی دەنێرێت کە زیندان و مردنێکی ئاوا نەمرییە و ئاسوودەیە کە زیندان ملکەچی نەکردووە.

کۆتایی و دەرئەنجام

زیندان وەک ئامرازی سڕکوتکردنی هزری ئازاد، هەمیشە بەشێکی تاڵ و پڕئازار بووە لە مێژووی گەلان. بەڵام وەک فیلمی "A Twelve-Year Night" و ئەزموونی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەکە پیشانیدەدەن، دەکرێت زیندان ببێتە سیمبولی خۆاگری و بڕدەوامی. زیندان دەتوانێ سنووردکی فیزیکی دابێت، بەڵام

ناتوانێت سنوور بۆ هزر و بیر دابنێت.

ئەدەبی زیندان و گێڕانەوەی چیرۆکی زیندانییە سیاسییەکان، بەشێکی گرنگە کە پێویستە زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بەشێوەیەکی فراوانتر بایەخی پێبدرێت تا مێژووی هەموو ئەو قارەمانانە لەبیر نەکرێت کە گیانیان بەخت کردووە یان ژیانیان لە زیندانەدا بەسەر بردووە بۆ داهاتوویەکی گەش و ئازادی گەلانیان.

زیندان، لە سەرەتاییترین شێوەیەوە تا مۆدێرنترین فۆرمی، هەوڵێکە بۆ داگیرکردنی جەستەیی و فکریی مرۆڤ. بەڵام هەرگیز لە داگیرکردنی بیری ئازادیی مرۆڤ سەرکەوتوو نەبووە، چونکە وەک قانیع دەڵێت، بیری ئازادی لە زیندانەدا فراوانتر دەبێت. لە کۆتاییدا، ئەوە هزری ئازادە کە سەرکەوتوو دەبێت، نەک سنوورە فیزیکییەکانی زیندان.

ئاسۆس ساڵح

چین چۆن وێنەی فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا دەداتەوە؟.. هێرۆ حەسەن

گۆڕانی بازرگانی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە بووەتە گۆڕانی شێ. دوایین پەرەسەندن سەپاندنی باج لەلایەن ئەمریکاوە بە بیانووی جیاوازەوە- کە نزیکەی هەموو هاوبەشێکی بازرگانی سەرەکی دەکاتە ئامانج، لەنێویاندا چین.

پەکین بەدەنگ نەبوو

حکومەتی چین لە لێدوانێکی بوێر و پتەودا ئەو هەنگاوەی ئیدانە کرد و بە پێشێلکردنی ئاشکرای ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و پێشێلکارییەکی جددی بە سەر ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی گەلانی خاوەن سەروەری ناوبرد. بەیانناماکە لە ناڕازایەتی دەربارەی تەدەپەت- ڕەخنەیەکی فراوانتر لە ڕەوتی ئێستای سیاسەتی بازرگانی ئەمریکا دەخاتە ڕوو، ڕەخنەیەک کە چین دەڵێت بەهەی

ئیستیسنائیەتی ئەمریکی "ئەمریکا یەکەم"ەوە دەجووڵێت نەک بەدواداچوونکی ئاستەقینە بۆ دادپەروەری یان بەرامبەرایەتی،حکومەتی چین ئایگەیاند: "ئەمریکا باج وەک چەکێک بەکاردەهێنێت، بەشداری لە یارییەکی سفر کەدا دەکات کە ڕەسای بازرگانی فرەلایەنە تێکدەدات"، جەخت لەوە دەکاتەوە "ئیستیسنائیەتی ئەمریکی" تەنها خزمەت بە بەرژەوەندییە هەژموونییەکان دەکات و هەڕەشە لە سەقامگیری ئابووری جیهانی دەکات،وەک چین لەسەر بنەمای باوەڕکی بەهێز بە فرەلایەنی و گۆشەپەدانی دادپەروەرانە و خۆشگوزەرانی هاوبەش. پەکین وەک دووەم گەورەترین ئابووری جیهان، پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە بە کردنەوەی فراوانتر بەووی جیهاندا، باشترکردنی ژینگەی بازرگانی لەسەر بنەمای یاساکان، و پشخستنی ئازادکردنی بازرگانی ئاستی بەرز،بەڵام پەیامەکە قووڵترە لە زاراوەی ئابووری- ئەمە سەبارەت بە حوکمڕانی جیهانی و ڕەچاوی زلهێزە تازەپەگەیشتوەکان،چین ناکۆکی بازرگانی وەک هەمای پەکدادانکی ئایدیۆلۆژی فراوانتر لە چوارچێوەیەکدا دادەنێت: تاکلایەنە لە بەرامبەر فرەلایەنی، وەدەرنانی بەرامبەر بە گشتگیری و زەرملە بەرامبەر هاوکاری. بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە "گۆشەپەدان مافکی گشتگیری هەموو وڵاتانە"، بەیاننامەکە هەڕەشکی ڕوون دەکەشت- چین خۆی وەک پارێزەرکی یەکسانی جیهانی دەبینێت لە سەردەمکدا کە تادەت غەریزەی پارێزگاریخوازانە زاڵ دەبەت،وە ئەمە تەنها قسە نییە. تەماری چین لە بازرگانی و ژێرخانی جیهانیدا- بە تایبەتی لە ڕەگەی پلاتفەرمەکانی وەک دەستپەشخەری پشتێن و ڕەگا- ستراتیژییەکی درێژخایەن نیشان دەدات کە سەنتەری یەکگرتنی ئابووری و هاوکاری باشوور-باشوور. چین وەک پاڕەوانی جیهانگیری لە کاتکدا دەمنەتەوە کە هەندەک لە زلهێزەکانی ڕۆژاوا بەرەو ناوەوە دەڕۆن،هەشتا لە پشت زمانی دیپلۆماسییەوە هەشداریەکی تیژ هەیە کە دەڵێت چین "کەشە دروست ناکات بەڵام لە کەشە ناترسێت." چین بەم دەستەواژەیە ڕوونی دەکاتەوە فشار و هەڕەشە قبوڵ ناکات. ڕوشوێنی بەرگری دگیرێتەبەر، پەداگری دەکات، بە پاراستنی سەروەری و بەرژەوەندییەکانی.

ڕەگایەکی چەقبەستووی جیهانی

ئەوەی ئەم ساتەوەختە بە تایبەتی گرنگ دەکات ئەوەیە کە جیهان چاودێری دەکات- و لایەنکان هەندەبژێرێت. لە کاتکدا هەڵاوسان بەردەوامە گەانەوە بە شێوە بازرگانییەکانی بنەمای گومرگی دەتوانێت جیهان بەرەو دابەشبوونی قووڵتر ببات،چین داوا لە

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە فرەلایەنی ڕاستەقینە بپارێزێت و سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمی ئابووری ڕێت بکاتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەم پرسەدا پرسیارێکی جدی هەیە: ئایا داهاتووی بازرگانی جیهانی بەرەو هەژموون و دابەشبوون- یان هاوکاری و پێکەوەژیان دەروات؟،ئەگەر بەیاننامەکەی چین هەر ئاماژەیەک بێت، ئەوا پێکین ڕێگای خۆی هەڵبژاردووە. ئێستا، جیهان دەبێت بەیار بدات کە ئایا دەیانەوێت دژایەتی ئەم ڕێبازە بکەن یان پێکەوە کاربکەن لەگەڵ چین بەرەو نەزمێکی ئابووری جیهانی هاوبەش

هێرۆ حەسەن

سەرچاوە – بەیاننامەی حکومەتی چین سەبارەت بە بەکارهێنانی باج لەلایەن ئەمریکاوە
https://www.fmprc.gov.cn/zyxw/202504/t20250405_11588935.shtml

---

پێشەی(١٢) تەمەنی هەزار ساڵەی نەورۆز لە ناخی بەگۆ شۆنەواریکانەوە.. پرۆفیسەر دکتەر مەولود یتبراهیم حەسەن

پێشکی :
جەژنی نەورۆز بەهەی ئەو مەژووە دوورو درێژ و هەرە کۆن و ئەو جوگرافیا فراون و هەهەندە جیهانییەی کە زۆر لە پێش زایینەوە بەی دروست بووە ، ئەمە بووتە هەی ئەوەی کە بەزۆر شیوە مەژووی دروستبوونی باسبکرێ و بنووسرێتەوە !
ئەمە ئەمڕۆ واز لە هەموو ئەو مەژووانەی تر دەهێنین و ڕوو لە بەگۆ باسکراوەکان ناکەین هەرچەندە هەریەکەیان گرنگی خۆی هەیە ، خاڵەکی هەر گرنگیان ئەوەیە کە ئەم هەموو گرانەوەو مەژووە بە خێیان نیشانەی کۆنی وبەربەاوی و گرنگی جەژنی نەورۆزن ، هەر ئەو کۆنی و فراوانی جوگرافیایەی کە نەورۆز ساانە تێیدا پیرۆز دەکرێ ، ماف دەدات بە هەموو وڵات و میللەتێک کە چۆن جەژنی نەورۆز بە

پیرۆز دەگرێ ، ئاواش بۆ خەیان مانگێک بە نەورۆزی خەیان بێت
وەربگرن و بەهی خۆی بزانێ !
بەڵام .. لە نێو ئەو هەموو مانگە کامیان ڕاستترو پێ بەگەڕ
!؟ خۆ ناکرێ مانگەکان هەمویان هەر ڕاست بن ! کە هەندێ جار زۆر
لێکدوور دەکەونەوە . بەڵام ، دیسان هەموشیان بۆ بەش نین لە
جۆرێک لە ڕاستی ، ئەو ڕاستییەی کە لەگەڵ مانگەوە ڕاست و دروستەکە
تێکدەکاتەوە ! خاڵێکی گرنگی ئەم وەک یەکێ ئەوێ کە هەمووان
لە یەک ڕۆژدا نەورۆز دەکەن ، ئەوتش ١/١ ی سەری ساڵە کوردیە ، کە
دەکەوێتە بەرامبەر ٢١/٣ ی ساڵی زایینی .
پەیوستە لەڕە خاڵێکی گرنگ باس بکەین ، کە ئەو هەموو مانگەوە
جۆراوجۆرو ساڵ و زەمەن لێک جیایی کراوە بە مانگووی نەورۆز ، هەی
ئەوەن کە لە(دوازدە هەزارساڵ) بەرەو هەرەو ، ووداوە گەورەکان
هەموویان دەخرانە ڕۆژی نەورۆزو هەر میللەت و وڵاتێش هەندێک
ووداوی مانگوویان تێکەڵ بە ڕۆژی نەورۆز بووە ، ئەم تێکەڵبوونەش
بووەتە هەی ئەوەی ئەو مانگووەی وڵاتی خەیان بە مانگووی سەرهەڵدانی
یەکەمی نەورۆز بزانن ! لە گەڵ ئەوەش چەند خاڵێکی گرنگ هەر
لەسەرەتاوە لە پەیدا بوونی نەورۆزدا هەبووە ، خاڵەکانیش ئەمانەن
:
یەکەم : نەورۆز لە سەرەتاوە جۆرێکی گرنگی ئایینی بووە ، ئەو
ڕەهەندە ئایینیەش نەورۆزی پیرۆزکردووە .
دووەم : جۆرێکی سروشتی کشت و کالی بووە ، ئەمەش سەرەتای گەڵانی
وەرزی زستانی سارد بووە ، بە بەهاری تەرو جوان و ڕازاوە .
سێیەم : ڕۆژی هاتنەوە سەر دنیای دەمموزی بووە ، کە دەمموزی
دواجار پیرۆزیەکی خوداوەندی وەرگرتووە .
چوارەم : ڕەهەندێکی ئەفسانەیی هەبووە ، ئەفسانەش ئەو سەردەمە
پیرۆز بووە و ڕۆ و ڕەسم و سرووتی تایبەتی هەبووە جیانە بووە لە
ئایین.
پێنجەم : بەردەوام نەورۆز جۆرێکی گەورەی هەمەلایەنەی پاشاو هەموو
کەمەڵانی خەڵک و پیاوانی ئایینی بووە،کە هەمووان تێیدا
بەشداربوونە .
شەشەم : زۆر بەنە دەخرانە ئەو ڕۆژە ، بە نموونە تاج لەسەرنانی
پاشا ، ڕاگەیاندنی دەوڵەت وڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر دوژمنان لە
شەڕدا .
حەوتەم : ساڵانە دەبووایە لە جۆرنی نەورۆز دیاری و خەڵات لە
هەموو وڵاتەوە وڵاتانی دورو بەروکاربەدەستانی وڵات پێشکەش بە
پاشای مەزنی بکەن .
هەشتەم : ئاهەنگی جۆرنی نەورۆز دوازدە ڕۆژی دەخایاندو هەموو

ژنکان بەرنامەو سروتی شادی خێی هەبووەو لە پاشاوە تا جوتیارو شوانێک هەموویان تێیدا بەشدار بوون.هەر بۆیە ئەو جۆرنە هەر زوو ناوبانگێکی جیهانی وەرگرت و هەموو وەات و میللەتانی دەورو بەر بەخشیەوە کردوویانە بە جۆرنی خۆیان .
پشتر گوتمان ەوداوە گورکان و سەرکەوتنکان لە شەو ەاگیاندنکانی سەرکەوتنکان دەخرایە ژی نورز ، ەاگیاندنی دەوەتی ماد لە سەرتاوە ، سەرکەوتن بەسەر ئاشووریکان لە سای(٦١٢ پ.ز) دیسان لە نورزی ئەم سا ەاگیندرا ؛ هەرئەوشە کە (ئەفسانەی کاوەو زوحاک) کە بۆای ئەمە هەمان سەرکەوتنی مژوویی مادکانە بەسەر ئاشووریکان ، ئەویش لە گژی جۆرنی نورز ، پاشا سەرکەوتنکەی خێی ادگێنە ! ئەمەو زەر ەوداوی گورەی ناوچەیی و جیهانی وەک پیرزیەک بە ەوداوکان خراونتە ژی نورزو ئاهەنگکانیان تکەکراون . گرنگیکی تری نورز لەوەدایە کە زەر لە پش زایینەوەو هەموو میللەت و ئایین و وەاتێ لەک جیاو لەکدوورکان دواجار نورزیان وەک جۆرنی خۆیان قبووە کردبوو.
نورز ژی هاتنەوە سەر دنیای دەموزی :
نورز لە داستانی (دەموزو عەشتار) دا ، لە دەقە نووسراوکانی سەمریکان بەتایبەت لە داستانی دەموزو عەشتار دا ، باسی جۆرنی هاتنەوە سەر دنیای دەموزی دەکەن ، پاش ئەوەی شش مانگ لە (جیهانی ژێرەوە)سەری کە دکاتە(بن دنیا)ی نەو ئەفسانەی کوردی ئستا ، بەند دکرە ! ئەو هاتندەرەوەیە دکاتە ژی یەکەمی سای نوەی سەمریکان و هەمان ژی یەکەمی سا ئستای سانامەی کوردیمانە ، لە داستانکەو نووسراوە سەمریکان ئەو جۆرنە بە ناوی (زگموک – زگمک) ناو دەبەن، کە ماناکەی دکاتە ژی نوەی و سای نوە ! تەمەنی داستانی(دەموزو عەشتار) یش بۆپێی لکۆڵینەرانی ئەفسانەو داستانی سەمریکان ، دگەڕێنتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی کشت و کال (١٠ هەزار) سا پش زایین ، کارکتەری ئەو داستانەش بۆ شوەیکی سەرکی (جوتیارو شوان) ن ، ئەوەش بۆ وردی لە داخوازی کردنی عەشتارو شووکردنییدا دەردکەوە ، کە دوو کەس وەک جوتیارو شوان هەریکیان بۆ بەدەست هێنانی دڵ عەشتار بۆ پیشەو بەرهەمی خۆیان دا هەوڵدەدەن ! ئەوزەمەنەش هەمان زەمەنە لگەڵ زەمەنی دروستکردنی(پەرستگای گرێ مرازان) کە بۆ ترکی کراوە بۆ (کوبیکلی تپە) کە ئەو پەرستگایەش بۆ(١٠هەزار سا) پش زایین دگەڕێتەوە !
پەرستگای گرێ مرازان :

پەرستگای(گرێ مرازان)(١) کە بەکوردی(گرێ ناڤوکێ) شی پێدەکەن و بە ترکیش پێی دەڵێن (کوبیکلی تەپە) ، ئەم پەرستگایە دکەوێتە نزیک شاری (هەها) ی باکووری کوردستان و لە تەنیشت گوندی (خرابەشکێ) ! ئەم پەرستگایە ساڵە(١٩٦٣) شوانێکی کورد بە ردێکی خشکراو لەسەرگردی (گرێ مرازان) بە دڕاوە دبینێ ، بیردکاتەوە دزانێ ئەم بڕدە ئاسایی نیە ، بەڵکوو بڕایەتی شوێنەواری لە ئاگادار دکاتەوە ، ساڵی (١٩٩٤) شوێنەوارناسی ئەلمانی پرۆفیسەر (کلاوس شمیدس) دچێتە ئەم شوێنەو دەس بە هەڵکەندن دکات ، لە ئەنجامدا بۆی دردکەوێ کە ئەم(پەرستگا)یەو تەمەنی (١٢هەزار ساڵ)یە(٢) ، کەنترین پەرستگایە لە هەموو جیهان و هێندێ پێ نهێنیە گوتبووی ێ ئەگەر تەواوی شووینێکە پشکنینی بە بکرێ ئەوێ تیوری دروستبوونی مرۆڤ دگۆڕێ!) ئەم پەرستگایە بە ستوونی گەورەو گران و جڕاوجڕ دروستکراوە ، ستوونی وای تەدایە کە (١٦ تەن) گرانایەتی ، هێندێ لووس و ڕاست و جوان تراشراون مرۆڤ سەری سوڕ دمینێ ؛ دوازدە هەزار ساڵ پێش ئەم مرۆڤ لەم شوێنە چەن توانیویەتی کار لەسەر بڕدی ئاوا گران و ورد بکات و هێندەش ئەندازەیی و هونەری بیازنێتەوە بە وێنەی (بەرز – بارز) و(هەکەڕاو)(٣) کە هەر وێنەیەک جڕە ئاژەڵێکە، لە کاتێکدا حەو وەختێ هەشتا ئاسن نەدزرابووەو ! جگە لەمەش لە دانان و ڕێزکردنی ستوونەکان وەک دردکەوێ پشت بە زانستی (ئەستێرەناسیی)(٤) بەستراوە ؛ لەوانێ دوو ستوونی شەش مەتر بەرزی لە ناوەڕاستی پەرستگا کە بەرامبەر یەک چەقێندراون ؛ پسپۆران وای لێکدەدنەوە کە ئەم دوو ستوونە بە(فەلەکناسیی و ساڵنامە)(٥) بە کار هاتوون ،نووسینگەی ڕاگەیاندنی زانکۆی ئەدنبەرە ڕایگەیاند :(مارتن سوتمان ، کەنترین ساڵنامەی دزیوەوتەوە کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی شەوی نیە! ئەم ساڵنامەیە لەسەر یەکێ لە ستوونەکانی گرێ مرازان – کوبیکلی تەپە – لە خواروی ئەستای ترکیا نەخشێندراوە !) کە ستوونەکێ ستوونی (ژمارە ٤٣)(٦)
! ئەمەش بیرکەی بوونی ساڵنامە بە ڕاست وەردگرێ ، واشان لێکداوەتەوە کە (ئەستێرەی ئەریەن) ئەگەر بکەوێتە نەوان ئەم دوو ستوونە شەش مەتریە ، ئەوا نیشانەی سەری ساڵەو ئەم سەرە ساڵەشیان کردووە بە جژن ، کلاوس شمیدت دڵێ : (ئەم جژنە لە ڕۆژی ٢١/٣ کراوە) دیارە ٢١/٣ پش دکەوێتە بەرامبەر ڕۆژی ١/١سەری ساڵە کوردی و سەمەری و هەمان ڕۆژی (جژنی نەورۆز)ی(٧) ئەستای خەمانە ! ئەمەش جارکی تر دڵی دڵخات کە جژنی نەورۆز جژنکی کۆن و بەناوەو لە هەموو ناوچکە پیرۆزکراوە ، ئەمە پشتر لەکەنەوێکدا بە ناوی (دێرینکەیە لە نەوان جیهانی ژێرەوی

داستانی دەمموزی و بەهەشتی ژێرزەمینی جەمشیدا (کە ناسراوە بە-وەر) ، بە لێکۆڵینەوە لە شاری سووماند مان ژێرزەمینی (دێرینکەیە) ی یازدە چەن لە ژێر چەنی باکووری کوردستان ، کە ئێویش تەمەنی (دوازدە هەزار ساڵ) ئەمە بە لێکۆڵینەوە سەلماندمان کە ئەم شارە هەمان شوێنی چوونە خوارەوەی(دەمموزی و عەشتارو ئەنلیل)ە لە داستانی دەمموزو عەشتاردا بە (بن دنیا – جیهانی ژێرەوە) ناسراوە ، لەم شوێنەوە (دەمموزی و عەشتارو ئەنلیل) چوونەتە خوارەوە (عالم السفلی) ی سەمەری هەر لە وێش هاتوونەتەوە سەر دنیا و ئەو ژۆژەش کراوە بەجێژن.
لەم نووسینەدا دەردەکەوە کە لە پەرستگای گرێ مرازان(زانستی فەلەکناسیی و ئەستێرەناسی)هەبووە(ساڵنامە) یان هەبووە (سەرساڵ)یان هەبووە سەرە ساڵەکەش کراوە بەجێژن و ئەم جێژنەش وەک پسپۆران دەڵێن : (جێژنی نەورۆز) ە ، ئەم بۆگەیەش کۆنترین بۆگەیە تا ئێستا (شوێنەوارناسان بیدۆزنەوە)کە بۆگەی هەبوونی جێژنی نەورۆز بسەلمێنن .

لەم پەرستگایەو لە دوازدە هەزار ساڵ پێش ئەمەژشدا ! دیارە ئەگەر بەوردی لێکۆڵینەوە لەم شوێنە بکرێ ، دەردەکەوە پێشینەیەکی زۆر لە دوزدە هازار ساڵ کۆنتری هەیە ، چۆن ناچێتە عەقڵەوە ئەم پەرستگایە بە پێشینەیەکی کارکردنی سەدان ساڵ و هەزاران ساڵ مرۆڤکانی ئەم وەختە یەکسەر بە ئاستەکی وا بەرز دەستیان بەکار کردبێ ؛ بەم هەموو زانست و هونەرەوە کە لە پەرستگاکەدا بە کار هاتووە ! ئەوەی لێرە بە ئەمەو ئەم لێکۆڵینەوەیە زەرگرنگە ، بە بۆگەی شووێنەواری و بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بەدانپێدانانی پسپۆران ونووسەندە زانستی و زانکۆکان باسی (مێژووی ۱۲ هەزار ساڵ)ی نەورۆزمان بە دەکات و شوێنکەس لە کوردستانێ .

گرێ مرازان ، کوبیکلی تەپەو دۆزینەوەی هەماکان :
پاش ئەوەی ساڵی ۲۰۲۱ پسپۆران پاش هەوە و ماندوو بوونکی زۆر ، ئەویان ڕاگەیاند کە (ساڵنامەی گرێ مرازان) کۆنترین سانامەی هەموو مرۆقایەتیە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە؛ ئەم هەواڵە گرنگە بە هەواڵە نووسەندە زانستی و میدیاییکان و زۆری لە بارەوە گوتراو نووسرا ! ئەوەش بە هەی لێکۆڵینەوە وردو زانستیکانی چەندان پسپۆربوو . یەکەمجار (پرۆفیسەر کلاوس شمیدس)(۸) پسپۆری شوێنەوارناسیی ئەلمانی باسی ئەم ساڵنامەو جێژنی سەری ساڵی ئەو مرۆقانەی ئەوسەردەمی کردوو گوتی : جێژنکەیان دەکەوێتە ۲۱/۳و لەم ڕۆژە ئاهەنگیان گێڕاوە ! دواتر زاناکان کەوتنە (خوێندنەوەی وەردی

نهێنی)یەکانیان و(دەزینەوەی هەماکان) ئەو هەمایانەی لەسەر ستوونە گەورەو جەراو جەرکان ، بە شێوازی جیا جیا نەخشێندراون ، توێژەرانی (زانکۆی ئەدنبەرەی ئسکۆتلەندی) لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو نەخش و هێکەڵەنانەی سەر ستوونەکانی- گرێ مرازان – کوبیکلی تەپێ – (کۆنترین سانامەی هەیقی هەتاوین) کە تا ئستا دەزرابنەوە! ئەوان لەسەر یەکێ لە ستوونەکان هەمای ٣٦٥ نموونەی بە بە شێوەی (٤)یەو هەر یەک لەم نیشانانە هەمای ڕۆژێکەو بە هەمووان دەکە نێ ١٢ مانگی هەیقی و هەتاوی ، زاناکان وای بە دەچن ئەو ستوونانە لە ١٠ هەزارو ٨٥٠ ساڵ پێش زایین تراشراون . ئەوەش بە تەماركردنی ئەو ڕێداوەی کە یەکێ لە کلکدارەکان بەرزەوی کەوتووەو ئەوەش بەر لە ١٣ هەزار ساڵ پێش ئێستا ڕووی داوە . ئەمەش بووەتە هەی ئەوەی سەردەمێکی شەختەبەندانی ١٢٠٠ ساڵەی بەدواوە بووەو بووەتە هەی لە نیو چوونی گیانلەبەرە گەورەکان و گەڕانی ژیانی ڕاوچیەتی بە کشت وکالی ونیشەجێبوونی خێڵەکێ و پەیدا بوونی باوەڕی جەرە ئایینێک ! مارتین سویتمان زانای زانکۆی ئەدنبەرە خاوەنی ئەم توێژینەوەیە نووسیویەتی : (واپەدچی دانیشتوانی – کوبیکلی تەپێ – گرێ مرازان – چاودێرێکی بە سەلیقە ووردی ڕووداوەکانی ئاسمان بووبن .) هەر ئەو توێژەرە لە بارەی – کوبیکلی تەپێ – گرێ مرازان – دەڵێ : کوبیکلی تەپێ کۆنترین دروستکراوی دەزراوەی مرۆڤەو دەکەوێتە شاری شانلی ئورفێ و نزیک سنووری سوریا و بە(٩٦٠٠ تا ٨٢٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە . لەم دوو بازنەیە نزیکەی ٢٠٠ ستوونی تەدایە ، کە بەرزییان نزیک بە شەش مەتر دەبێت و ئەمەش بە ئەوە دەڵێ کە پەرستگا بووبێت . ئەم زانیارییانە لە بەاوکراوەی زانستی (تیم ئاند ماند) بەاو کراوەتەوە .

ئەم شوێنە گرێ مرازان دەکەوێتە باکوری کوردستان و شوێنکە لە نەوان چەندین شوێنەواری تر کە هەموویان زەمەنکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٢ هەزار ساڵ و ئەمەش نیشانەی سەردەمێکی گرنگی سەرد هەڵدانی(شارستانیەتی بەرد) ە لە کوردستان، چەن هەموو ئەو شوێنانە کارکردن و تراشینی بەردێ ، هەر بە نموونە : (شاری حەسەن کەف و کاراهان تەپەو دەرێنکەیە و گرێ مرازان) ، هەموو ئەمانەش تەمەنیان (١٢٠٠٠)ساڵەو نیشانەی بەردەوامی و ئاوەدانی کوردستان و سەر هەڵدانی شارستانیەتێ کانن !

لە سایتی (دارکا مازیا) لە وتارێکدا بە ناوی (شوونوارێ کو دکارێ زانینا مە یادیرێکی بگوهەرینێ : گرێ مرازا) لەم وتارەدا نووسراوە ە زانیارییکانی گرێ مرازان دەبێت هەی گرنگی تەواینی ئەمە بە مەژووی کەمەڵایەتی ، بە داخەوە زەربەی دەشاردرێتەوە ،

هەروەک (ئان مووەن) لە زانکۆی ستانفەرد گوتوویەتی : (گرێ مازان هەموو شتێک دەگۆڕێ ، بەڵام ، ئەوانەی دەیانەوێ ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام بکەن ، زانیارییەکان دەشارنەوە !)(*) ئەم زانیاری شاردنەوەو شواندنە دەمکێ داگیرکەرانی کوردستان دەستیان پێکردووەو نایانەوێ ڕاستیەکانی مێژوو شۆڕشگێڕانی کوردستان دەرکەون !؟
هەر لەم وتارەدا هاتووە : (هەندێک لێکۆڵەرەوەی ئانثرۆپۆلۆژیک دەڵێن ..(دی ئێن ئەی) ئەسکەکانی ئەم شۆڕشگێڕانە و ئەو خاڵکەی ئێستا لەم ناوچەیە دەژین وەک یەکن ! کەواتە ئەو خاڵکەی لەم شوێنەی گرێ مرازان ژیاون و ئەو کوردانەی ئێستا لەوێ دەژین خاوەنی یەک (دی ئێن ئەی) نێ ! واتە ئەوانەی کە گرێ مرازانیان ئاوەدانکردووتەوە هەر لەم شۆڕشە ماونەتەوەو نە چوونەتە جێگایەکی ترو ئەو شۆڕشە هەر لە لایان باوک و باپیرانی(ڕۆژهەڵاتیەکان و دەورو بەری ئاوەدانکراوەتەوە ، کەواتە ئەم لێکۆڵینەوە زانستیە ئەوە دەسەلمێنێ .. کە (دانیشتوانی گرێ مرازان باوک و باپیرانی کوردن !) هەر ئەو وتارە بەردەوام دەبێت و دەنوسێ : پشکنینێ (دی ئێن ئەی) یەکان ئەوەی سەلماند کە کورد لە پێنجا هەزار ساڵی ڕابردوو هەر لەسنوورەی ئەمڕۆی کوردستاندا ژیاون ، گرێ مرازان پەیوەندی بە مێژووی کوردانەوە هەیە ، لێکۆڵینەوە ئارکەلۆژی و ئانترۆپۆلۆژیەکان دەیسەلمێنن کە کورد خاوەنی مێژوو کلتورێکی لە مێژینەن و شارستانیەتیان دروستکردووە ، بەڵی لە ڕووکی تر گرێ مرزان زانیاریە مێژووییەکانمان دەگۆڕێ ، بەڵام ؛ لە گەڵ ئەوەش کەنی مێژووی کوردو شارستانیەتەکەیان دەخاتە بەرچاو .)
هەروەها لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی ئێستەنبەل و شیکاگۆی ئەمریکی باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٩٥ پاشماوەیەکی زۆر لەم ناوچەیە دەزرانەوە ، لە نەویاندا ستوونی بەردین کە بە چاخی بەردینی نوێ دەگۆڕێنەوە ، درێژیان لە نێوان ٣ تا ٦ مەتر دەبێت و گرانایان ٤٠ تا ٦٠ تەن دەبێت و ووینەی گیانلەبەرو باڵندەو مرۆڤیان لەسەر کیشراوە .)(١٠) دواجار ساڵی ٢٠١٨ پەرستگای گرێ مرازان – کوبیکلی تەپە – خرایە نەو لیستی کلتوری جیهانی لە یونسکۆ دا .
هونەرو زانستەکانی گرێ مرازان :
لە لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەران و دەرکەوتنی بەردکان و شێوەی دروستکردنی پەرستگاکەو نەخش و وێنەکان ،وادەکەن ئەمە جێ دەستی زۆر هونەرو زانست ببینین کە لەم شۆڕشەدا بەجێماون ! ناکرێ ئەم هونەرو زانستە بەرزانە ، بەرهەمی کتوپڕیکی لێناکاو بن و هیچ پێشینەیەکیان نە بووبێت ! ستوونە بەردکان بەم تراشینە ئەندازەییەو بەم بەرزی و گرانایانەوە ، چ ئامڕازکی تراشین و چ

ئامڕکی بەرز کردنەوەیان تێدا بە کارهاتووە ؟ ئەم وێنانە بەرهەمی چ ڕەوتکی هونەری پێشکەوتووون ، کە ستوونکانیان ئازاندووتەوە(٩) ، کە وێنەی مرۆڤ وبەرازو ڕەوی و مارو مراوی و زۆری تر ، بە هونەری جیا جیاو بە شێوەی بەرزو کۆن و هەندکیان سێ ڕەهەندین ! هەروەها زانستی فۆلکناسیی و دروستکردنی ساڵنامەو ، ساڵنامەکێش لە ڕێژی سەری ساڵ ، کە لەم ڕێژەدا شێوو ژۆژ بەرامبەر دەبێت و وەرزکی تری ساڵ دەست پێدەکات ئەویش بەهارە ، ئەوە چ زانستکی وردی فۆلکناسییە کە توانیویەتی ، لە نێو ٣٦٥ ڕێژی ساڵداو بەر لە دوازدە هەزار ساڵ ، ئەم ڕێژە بەدەستەوە کە تێیدا شێوو ڕێژ وەک یەک دەبن لە کورت و درێژیدا !؟ من وای بە دەچم ئەم هەموو هونەرو زانستە گرنگە ، کە پێشینیەکی دوورو درێژیان هەبێت ؛ چاوەڕوانم لە کنەو پشکنین و هەوڵ زانستیکانی زاناکان ، بۆتایبەت شوێنەوارناسەکان ، هەر لەم دەورو بەرە پێشینەو ڕەوتی پێشکەوتنی هونەرو زانستکان لە شوێنە شوێنەواریکان بدەزنەوە ،

چەند سەرنجێک :

- گرێ مرازان پێش ئێوەی دەرکەوێ کە شوێنەوارکی گرنگو پەرستگایکی کۆنە ، لای خەڵکی دەورو بەر کە کوردن ، وەک چاکک و گردکی پیرەز ناسرابوو، خەڵک بۆتایبەت ژنان بە هیوای منداڵ بوون و مراز ئادا بوون ڕوویان تێدەکردو ئەو تاکە دار تووی کە لەسەر گردکە بوو، دارڵی پیرەز بوو، بە پارچەو پەڕەی ڕەنگاوڕەنگ دەیانئازاندەوەو مرازی خۆیان دەگرتەوە !
- ئەمە وای بە دەچین پیرەزی ئەم دارو گردە ، هەر لەو پیرەزیە هاتووە کە لەسەرەتاو ئەم شوێنە(١٢٠٠٠ساڵ) لەوە بەر پەرستگاو پیرەز بووە ، ئەم پیرەزیە هەر بەردەوام ماوەتەوە و خەڵی لەگەڵ سەردەمکان و گۆڕانکاریە ئایینیەکان گونجاندووەو تا دواجار وەک چاکک وگردکی پیرەز بە دیدی کوردە موسڵمانەکان جێی ئازو مرازان بووە ، هەر بۆیەش ناوەکەی بووە بە (گرێ مرازان) کە تەرک کردوویانە بە کوبیکلی تەپە .

-ئەوەی بە ئەمە زەر گرنگە جگە لە(پەرستگای گرێ مرازان) تا ئێستا لە هیچ شوێنکی جیهان و بۆتایبەت ئەم وڵاتانەی جۆزنی نەورۆز لە ڕەشەوە بە هی خۆیان دەزانن؟! بۆگۆیکی ئاوا شوێنەواری و هەنجەتبۆیان نەدەزیتەوە ، تا بیسەلمێنی

کە نەورۆز لەو سەری هەڵداوە ، ئەو هەر تەنیا کوردستانە خاوەنی لەکەنەوەی زانستی وکەنترین بەگەی شۆنەواریە!
-دەرکەوت ئەو ساڵنامە کەنە ١٢ هەزارساڵییە ، سەرەتا لە گرێ مرازان داهێنراوە و ڕۆژو مانگ و ساڵ دیاری کراوە و سەری ساڵەش کراوە بە جەژن ، جەژنی نەورۆز ، ئەم خەکانەش کە ئەم کارەیان کردووە ، لە ئەدەبیاتی شۆنەوارناسیی دا بە (باپیرانی سەمەری)یان ناو دەبرێن ! دیارە کە سەمەریەکان دەچنە خوارووی عیراقی ئەمڕۆ ، تەواوی کلتورو ڕۆشنبیریی و ئایین و پیشەو زانستەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن ؛ یەک لەو ڕۆشنبیری و کلتورانەش (زانستی فەلەکباسیی) و (ساڵنامە) بووە ، بۆیە لە هەزارەی چوارەم وسەیەمی پێش زایین ، ئەوانیش ساڵنامەکە باپیرانیان پێشدەخەن و ڕۆژ دابەش دەکەن بە (٢٤) سەعات و سەعاتیش بە (٦٠) دەقیقە و دەقیقەش بە(٦٠) چرکە !

ئەنجام :
یەکەم : هەموو لەکەنەوەکان و پسپۆرانی وەک (کلاوس شمیدس) شۆنەوارناسی ئەڵمانی و (مارتین سوتمان)ی شۆنەوارناس لە زانکەی ئەدنبەرە و زانکەکانی شکاگۆ و ئەسکتلاند بەاو کراوە زانستیەکانی وەک (جورنال ئەف ئەرکیولۆژی) و(کەنشن) و(ئاند ماینز) و (تیم ئاند ماند) وەک پسپۆران و نەوەندی زانستی ئەو دەسەڵمێنن کە (پەرستگای گرێ مرازان – کوبیکلی تەپە) تەمەنی ١٢ هەزار ساڵەو هەر لەم شۆنە کەنترین ساڵنامەی هەموو جیهان دەزراوەتەوە .
دووەم : هەرلەم شۆنە لەکەنەوەکان دەیسەڵمێنن کە مرۆڤکانی ئەو سەردەمە جەژنکیان هەبووە کە لە ڕۆژی ٢١/٣ ی زایینی بووە ، ئەو ڕۆژەش سەری ساڵەتان بووە ، کە دەکاتە هەمان سەری ساڵی سەمەری و سەری ساڵی کوردی ئێستامان و ئەو جەژنەش ڕەک جەژنی نەورۆز بووە . کەواتە تەمەنی جەژنی نەورۆزیش ئێستا دەکاتە ١٢ هەزار ساڵ بە بەگەی سۆنەواریەوە .

پرۆفیسەر دکتەر مەولود یتبراهیم حەسەن
زانکەی سەلاحەدین – هەولێ –
نەورۆزی – ٢٠٢٥
-————————

تێبینی و سەرچاوەکان :
من بەتەنی ئەم چەند سەرچاویەم بە نموونە هێناوە ، دەنا

سەرچاوە میدیایی و زانستیەکان گرنگیەکی زۆریان بە دۆزینەوەی (گرە مەرازان – کۆبیکلی تەپە) داوەو بە هەموان هەواڵەکی گرنگی شوێنەواری زانستی بووە .
(١)
قدیمی‌ترین تقویم جهان در معبدی ١٣ هزار ساله در ترکیه کشف شد
(٢)کشف قدیمی‌ترین تقویم جهان در ترکیه
(٣)عمره 12 ألف عام.. اكتشاف أقدم تقويم في التاريخ جنوبي تركيا
(٤)علماء الآثار يكتشفون أقدم تقويم في العالم وقد يعيد كتابة تاريخ الإنساني

(٥)اكتشاف تقويم قمري شمسي عمره 12,000 ألف عام – الأقدم في العالم – على عمود في موقع أثري بتركيا
(٦)فك رموز أقدم تقويم مكتشف في تاريخ البشرية
(٧)العثور على أقدم تقويم.. عمود حجري عمره 12 ألف عام
(٨)تعود إلى 12 ألف سنة.. نقوش في تركيا قد تكون أقدم تقويم شمسي في العالم
(٩)تعود إلى 12 ألف عام .. نقوش في تركيا قد تكون أقدم تقويم شمسي في العالم
(١٠)علماء الآثار يزعمون اكتشاف أقدم تقويم زمنى بالعالم فى تركيا
(١١)شوونوارە کو دکارە زانینا مە یا دیرەکی بگوهەرینە: گرەمرازا

(١) گرە مرازان – دوو ستوونی فەلەکناسیی

**

گرە مرازان – دووستوونی فەلەکناسیی و ساڵنامەکە .(٢)
**

گرە مرازان – بەشێک لە خوێندنەوەی هەمای سەر ستوونەکان .(٣)
**

گرە مرازان – ستوونی هەمای ٣٦٥ ڕۆژی ساڵ .(٤)

**

گرە مرازان – ورد خوێندنەوەو ئاشکرا کردنی وردەکاری ساڵنامەکە. (٥)

**

(٦)گرێ مرازان – کارکردنی پسپۆران و خوێندنەوەی ساڵنامەکە.
**

گرێ مرازان – وێنەی گشتی لە ئاسمانەوە، لە چاوی باڵندەوە. (٧)

**

(٨)گرێ مرازان – وێنەی یەکێ لە گیانلەبەرەکان .
**

گرێ مرازان – وێنەی گیانلەبەرێک بە هونەری بەرز (بارز)(٩)
**

گرێ مرازان – وێنەی چەند گیانلەبەرێکی تر.(١٠)

---

2 شیعری (ئەحمەدی شاملێ).. و : نەژاد عزیز سورمێ

(1) ئاسۆی ڕووناک

ڕۆژێ ئەم دووبارە کەترکانمان
دەبینینەوە
میهرەبانی ،
دەستی جوانی دەگرێتەوە..
ڕۆژێ کە کەمترین سروود ماچێ و
هەر مرۆڤێ،
بە ئەوی دی برایە،
ڕۆژێ چیتر
دەرگای ماڵکانیان داناخەن
قفڵ شتێکی ئەفسانەییە و
بەتەنیا دە، بەس بە ژیان..
ڕۆژێ مانای هەر پەیڤێ
خۆشویستنێ
تا تۆ بە پیتی دوایی

بۆ وشە نەگۆڕی..
ژۆ ئاهەنگی هەر پیتە ژیانە
من بۆ دوا شیعرم
بۆ گۆران بۆ دوای سەروایە ،
ڕەنج نەکێشم
بۆدوای سەروادا نەگۆڕم..
ژۆ هەر لەوە
ستراندکە
تا کەمترین سروود ماچ بۆ
کە تۆ بێی ،
بۆ یەکجاری بێی و
میهرەبانی ،
هاوتای جوانی بۆ
دووبارە دان بدەینەوە کەترەکانمان..
منیش تا مردن
چاوەڕێی ئەو ژۆڕە دەکەم.

(2) وتـــی

وتی: دەم
بۆیانی دا و نەهات..
نەهات و
نایەوە بۆ..
بەم شەوەیە ئەو ،
هیچ پەیمانەکی نەبەست
نەیــشکاندبۆ..
ئەو هیچ کاتە نەسووتاوە
تا مانای سووتان بزانێ..
هیچ وەختە دەردی نەدیوە
تا بزانێ دەرد چییە..
ئەو هەرگیز لە چاوەڕوانیدا نەبووە
تا لە تاڵیی چاوەڕوانی باخەبەر بێ.

(*) ئەحمەدی شاملۆ شاعیری ناسراوی فارس،لە 12/12/1925 لە تاران لەدایك بووە، ساڵی 2000 کۆچی دوایی کردووە .
ئەو لە دەسپێکدا لەژێر کاریگەری پێشەنگی شیعری نوێی فارسی (نیــما یوشیج) بووە، پاشان توانیویەتی ڕێی خۆی ببینێــتەوە..
ئەم شیعرانەی لە (احمد شاملو – مجموعه اشعار شانزده دفتر)

بەاوکراوەی کتێبخانەی (امید ایران) کراون بە کوردی.

وێبەرهێنان و هەرسپێهێنان.. نەوزاد بەندی

وێبەرهێنان، پێش هەموو شتێ وێبەرهێنانی مرۆییە، واتا پێش دروستکردنی بینا بەرزەکان، بنیاتنانی مرۆڤکانێ، ئاشنابوون و ئاشتبوونەوە و برایەتیی و ئەزلەنانێ لە تاک بە تاکی کەمەگا.
بە نمونە لە وەاتەکی وەک ئەمانیا، کاتێ ئەگەزنامە ئەدەن بە کەسەک، سەاوەکی سەربازیی فەرمیی بە دەکەن و پێی دەڵەن: ئیتر تە ئەمانیت و هەموو مافەکت هەیە.
ئەویە وێبەرهێنانی مرۆڤ، متمانە و ئەز و وەفا و خۆشەویستی و ئینتیمای تەدا بوونیت. کاتێ سەرەک وەزیرانی فینلەندا تەواوی خوێندنگا پریۆیتەکان دادەخات، ئەڵێ : نامەوێ دووبەرەکیی لە نەوان هاووەاتیەکانمدا دروست بێ، پێویستێ هەمووان لە یەک جەر خوێندن سودمەند بن، خوێندنی حکومیی. ئەمەیە دەدانەوێ و یەکەتی نیشتمانیی و ئاشتکردنەوەی دێی هەژار و کەمدەستانی کەمەگا.
ئەمەیە چیرەکی عەشقی نەوان دەسەات و گەل، ئەو عەشقەی کە ئێبەتە هەوێنی ئاشتی کەمەایەتیی و گەشانەوێ و پێشکەوتن و هەمنیی و ئارامیی و یەکسانیی.
واتا یەکەم بەها لە وێبەرهێنانەدا، بنیاتنانەوەی مرۆڤکانێ، ئەوانەی کە زریانیی بە کاریی و بە هیوایی و سەرهەگرتن و خەمەکیی ەایماێیون. لەکترازان و بە متمانەیی هاێیونی، دێیان بە هیچ شتەکی نیشتمان خۆش نییە و وەک دیلەک بە ەە و بانەکانیدا دەن و ئەچن.
چیخەف ئەڵێ :
هیچ کاتێ نەمزانیوە تەکشکانی مرۆڤ ئەوەندە قورسێ بە جەرەک وا دەکات مرۆڤ بەزەیی بە خەیدا بێتەوێ ..
تەماشای پلیشانەوەی خەی بکات وەک ئەوەی تەماشای شتەک بکات کە پەیوەندی بە خەیەوێ نەبێ ..
تەنانەت مافی تووڕە بوون بە خەی نەدات لە بەرامبەر ئەو ورد و خاشبونەی خەی و خەونەکانی .
لە هەمان کاتەدا ، بە تەواوەتیی لە بەرامبەرەکەی ئائەمەد بە

..واتا نائومێد بە لە لاوازبوون و کێدانی ئەو لە تەکشکانی ئێم ، هەروەها نائومێد بە لەو هێژەی کە تیایدا ئەو باری سەرنجی ئێگێ و واز لە تەکشکاندنی ئێم ئەهێنێ ..
ئە تە هێئێستیت پێژەی نیشتەجێی مەدەرن بە ملیارەها دۆلار دروست ئەکەیت، مێ و تاوەری سەرسوهێن ئەبەیت بە ئاسمانا، لە خەت ناپرسیت ئێم شوێنێ فراوانانێ کێی تێدا نیشتەجێ بێ؟ سەدان هەزاری لاوی خاوەن بڕوانامەو لات و بێکار و، بێهیوا کە لە چایخانێ سەفەریێکاندا چا و جگەرەی هەرزان بە با ئەکەن، چەن ئەتوانن لەو پێژانەی ناوت لێناون وەبەرهێنان، نزیک ببنەوە؟ ئایا ئێم جەرە تاوەر و ڤێلا و پێژانێ چ شتێک لە ژیانی لاوانی نیشتمان ئێگێن بێجگە لە زیاد بوونی ق و کینێ و نەفرەت بەرامبەر پێژێ و وەبەرهێنان و وەبەرهێنەر؟
کاتێ لاوێ هێشنبیرێ هەناسساردەکان ئەبینن بە پێل کەسانی پارەداری بێگانێ دەنێ نیشتمانەکەیان و لەو ڤێلا و تاوەر و پێژانەدا نیشتەجێ ئەبن، یەکسەر هەست ئەکەن ئێمان مەش و مەگەز و تەنی زیادەن لەو خاکەدا، ئێمێ دەخەکێ پێی ئەووترێت فرەشتنی نیشتمان بە ئامادەکراویی یان لە گێانانی خێکی هێسن و هەشمەند و خاوەن بڕوانامێ، بە زیندوویی.
جێی باسێ لەو کەمێگایانەی کاڤام و چاوچنۆکەکان دەستیان بەسەر داهات و داهاتووی خێکەکەدا گرتووە، هێژ لە دوای هێژ تاوەر بەرز ئەبێتەوە و پێژەی نیشتەجێبوونی شاهانێ زاوزێ ئەکات، لە بەرامبەردا هێژ بە هێژ هاوڵاتی بچوکتر ئەبێتەوە و بەها نەتەوایەتییەکان ئەتونێوە، بڕوانامێ و زانست و هونەر و داهێنان بە نرخ و پشتگوێ ئەخرێن ، بەحورمەتیی و سوکایەتییان پێ دەکرێ، دەستی دەستی و ئێشکەنجێ ئەدرێن، بڕی هێنج و شۆنخونیی زانا و داناکانی بە هیچ و بە بایەخ تەماشا دەکرێن و هەر کەسێک بێک پارێ و پلێ و پەستی هەبێ، بە چەند و چون بڕوانامەی دکتەرا و پێفیسەری پێ دەبەخشرێ و کام کەلەجێ پێی خۆشە، لەی مارێ ئەکرێ یان لەبەر پێیدا سڕئەبەرێ، ئێمەیش دژایەتیی و دوژمنایەتیی نێوان دەسەات و میللەت زیاتر ئەکات، لەو کاتەدا لە جیاتی دەسەاتداران بگەنەوە بە ناو حەشاماتێکی هێشنبیری دەشکاو و نائومێد و هەژار، ئاشتیان بکەنەوە و ماڵ و مافێ دزراوەکانیان بدەنەوە و بە خەیاندا بچنەوە و دەروازەکانی کار و داهێنان و گەشەسەندن لە ڕوویاندا بکەنەوە، ژمارەی پۆلیس و پاسەوانێ تایبەتییەکانی خەیان زیاد دەکەن، لە هەمان کاتدا نرخی پێژێ تازەکانیان بەرزتر ئەکەنەوە و ملیەنەها دۆلار دەخەنە دەستی ئەکتەر و گەرانیبێژ و مەدەلێ بێگانەکان هەتا ڕێکلام بە پێژەکانیان بکەن.

لەوەدا ئیتر دوو جیهان دروست ئەبێ، جیهانێکی ئازاوە و بەوەنێ و شاهانە و پڕ لە جوڵە و بانگ و گۆشت و ئابواردنی دەسەڵاتداران و هاوئاوازەکانیان. جیهانی دووەمیش، جیهانێکی یان زیندانێکی تاریک و نائومێد و ئاوەستاو و بێ داهاتوو، بێ بەرنامە و بێ کار و بێ ئەنجام و بێ متمانە وپڕ لە ناکۆکیی و کێشە و ناتەبایی و تێکشکاو.
لەوەدا ئیتر دەسەڵات بێ تەواوەتیی هەڵەکی ئاست و چڕپی بە هاوڵاتی ناسێن و زانستی خەمڵێنی و هونەری خەمڵێنی و ئەدەبی خەمڵێنی و بەوانامە و زانا و دانای خەمڵێندا هەناوە و نایەوێت لە هیچ کات و بەنرخێکدا ناویان بهێنێت، میللەتێکی لە دەبەتە کابوس و دوژمنی بابکوشتەی خۆی.
بەو جۆرە نیشتمان ئەبێتە چەند پارچە زەوییەکی پاوانکراو، کە پڕ پڕ دەبن لە تاوەر و پاژڕی مەدەرن و گرانبەها بە هەموو خزمەتگوزارییەکانی سەردەم و سیکیوریتی و سەرقسی شاهانەوە، کە پیاوانی دەسەڵات و ماڵ و منداڵ و یار و یاوەرەکانیان و کچە مەدەل و بەگانە و تەنانەت دوژمنانی گەلیان تێدا نیشتەجێ ئەبن و لە دەریای ملیارەها دۆلاری دزراودا، مەڵە دەکەن و سامانی نیشتمانێک بە نرخانی داهاتوویشەوە بە هەدەر و تەخشان و پەخشان دەکەن. لە بەرامبەردا کۆمەڵانی خەڵکی بێلایەن و ناسەنی شارەکان، وەک کۆمەڵێ پیکەری شکاو و قوژڵ گرتبوو ،وەک تارمایی لە شەقامە کۆن و کەڵانە داوخاو و بێ خزمەتگوزارییەکاندا، وەک خۆ دەن و دەچن و ..دەبنە نەچیریی نەخۆشییە دەروونییەکان و مەرگ کت و پڕەکان.
بێکاریی و بێهیوایی و برستێتیی و بێشایبەکی تاقەنەر هەڵەشەیان لە دەکات.هەندێکیان سەری خۆیان هەڵەدەگرن و ون دەبن، شاعیرە دەناسکەکانیان خۆیان ئەکوژن.
لەرەدا ئیتر کۆمەنتی هاوڵاتیان بە بابەتی پاژڕی وبەرهەنەکان، یەکپارچە دەبەتە جنۆ و دەعای شڕ و هەڵەشە و نەفرەتلێکردن. ئەم کۆمەنتانە ناچن بە گوێی دەسەڵاتە ڕەشکیی و خەسپێنەکاندا، زیاتر پڕی لە ئادەکشن، زیاتر ئەنوسێن بە ماڵ و سامانی دزراوەوە، بە ناوی وبەرهەنانەوە، زەوی و ئاو و ئاسمانی وڵاتەکە پاوان دەکەن.
لە ئاستیدا ئەم وبەرهەنانی نیشتمانیی نییە بەڵکو ئەتونین ناوی بنێین بە نەچیرگرتنی نیشتمان و میللەت ، لە پێناوی گەشانەوەی چەند دەندیەکی چاوچنۆکی هەرگیز تێر نەبوو، لە دەرەوەی هەموو پێنسیپ و یاسایەکی زەمینیی و ئاسمانیی. کەتایی ئەم گۆمە پڕ لە گەمژییەیش، شەش و کەدەتای لەناکاو یان خۆیان هەر لە پڕ کەتاییان پڕ دێت، میرنشینەکان هەرەس دێنن ، بە بە هەیەکی دیار، هەر لە خیانەوە قۆپ ئەبنەوە، ڕەک وەک چۆن مەمەک کەتایی دێت و ئەتلەستەوە.

-
-
-
-

دژبەیەکتــــر.. شیعــــری کــــاوەی خەسرەوکاوانی

نووسینی سەردیوارەکانی
ئاودەستی نەومزگەوتەك
لافیتەیەکی بە مانای بریقەدار…
میوەکانی گەنیوی سەر
عارەبانەی ئەسحابەسپی و شەخەڵا
خەونی خەشی بە دەست نوێژی
پاش عەسرانی وەرزی بەهار…

* * *

فلیمەکی دوورودرێژی بە مانا
خەیاڵەکی دوورڵەراستی
درەی شاخداری سیاسی…
دەستایەتی پەوپوچی
گورگ و مەڕو
بەرژەوەندی تەکبازی دیبلەماسی…

* * *

(پەك گەیشتن)چەندجیاوازە
لە ووشەو ماناکەی (فیراق)…
هەزارهەندە جیاوازترە
کاتەك دەڵێن:-
کوردستانم کەوتەتە باکووری عەراق.

3/3/2009

kawa_kiwiny@yahoo.co.uk

یەکەمین کۆمەڵچیرۆکی پێشەوا کاکەیی بە ناوی (ڕێش: تاڵ تاڵ، پێکەنینی بەتاڵی پاتاڵ) لە چاپ دەرچوو

یەکەمین کۆمەڵچیرۆکی پێشەوا کاکەیی بە ناوی (ڕێش: تاڵ تاڵ، پێکەنینی بەتاڵی پاتاڵ) لە چاپ دەرچوو. کاری هەڵچن و ڕێنووسکاری، (وشیار عەلی)یە و کاری بەرگ (ئیبراهیم ساڵح)ـە. هەروەها لە ناوەندی چاپەمەنی و ڕێشنبیریی کارە چاپ کراوە.
زۆر بە سادەیی و بە کورتی: ئەم کۆمەڵچیرۆکە، لە پێنج چیرۆک پێک دێت کە لە ماوەی ساڵانی پێشوودا نووسراون. لە دەوری ئەقڵی گاڵتەجاڕی و ڕەخنە و دژەسیستەمدا دەخولێتەوە. گەڕانەوەیە بە ناو گەڕانەوە و زمانی ڕەخنە و زمان پێکەوەژیان و زمانی گفتوگۆ. لەگەڵ ئەویشدا هەوڵتەکاندنی نووسەری بەرتیل و مشەخۆر و گشت خەڵحیزب دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم پێنج چیرۆکە، لە دەوری ئێران و هەوڵەر و سلێمانی و هەڵەبجەدا دەخولێتەوە.
کۆمەڵچیرۆکێک نین بە دەی خوێنەری عەوام نووسرا بن، لە چیرۆکدا گەڵاوم زمان و چیرۆکی نوێ چی لە من دەوێ. لەگەڵ باودا نیم و ڕەتکردنەوەیشی هەر ئەوەیە کە ئاگاداری (سینیزم/ ئەقڵی گاڵتەجاڕی) نەبیت، دەتخاتە ناو مەکینەکەوە. بە ئەوەیە پێبکەنیت و تەماشەنیت و بتهاڵێت.

چیرۆکەکان:
١- پووڵ وەرگرتنی گوو
٢- خەم و کات (چیرۆکی نێوان گەچان و کاتژمێرێک)
٣- نووسەرێ خەکوژێکی وەووبە
٤- گەبەندی پەناوەکێ

کورد و کوردستان.. شیعر ژگار شەروانی

..

خۆشم دۆوی کوردستان
هەواری دێی منی
فیداتۆ دۆ، ڕۆح، گیان
جێتێی دێی دوژمنی

کوردۆ مافی کوردی برد
بۆ دوژمنان بوو بۆ پرد
یەخێی برای کوردی گرت
مێژن بۆو ناکوردۆ، کورد

نا، کورد ناپاکی ناکا
پاکۆ، بۆباکی ناکا
سامانی خاکی نابا
شۆڕ لۆگۆڕ کاکی ناکا

کوردۆ، بۆ هەمووان چاکۆ
ڕق هەڵناگرۆ، دۆپاکۆ
لۆ گۆلان غۆدرۆ ناکا
ناکا، هەرگیز وا ناکا!

لۆ شۆڕا قۆت ڕاناکا
خوا دۆکا، پاکی ڕاکا
سازۆ گیانی فیداکا
جا بۆ خاکی، چی ناکا؟

ئێمۆ دەست لۆناو دەستین
هاودۆ و هاوەبەستین

بۆ ناتوبایی پێستین
لە ئیزنک ئیز دەبەستین

ئاخ رۆژە بمدیبایە
ببن بە یەک، چوار پارچەی
ئاڵای هەڵکرابایە
ئاخە کەی بێ، کەی، کەی، کەی!

(ڕۆزگار شێروانی)